تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5937) پێنج شەممە 20ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکات

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سیاسەتمەداری کورد عوسمان بایدەمیر دەکات

نزیکبوونەوەی لایەنە کوردییەکان و گوتاری ئاشتیخوازانەی هاوبەشی نەتەوەیی بە پێویست زانرا



سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەلاحەددین پێشوازی لە کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد عوسمان بایدەمیر کرد. لەو دیدارەدا ڕەوشی گشتیی ناوچەکە و دواپێن گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان خرایە بەر باس و بیروڕایش لەبارەی بارودۆخی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئالوگۆڕ کرا.

هەر لەو دانیشتنەدا جەخت لە پەیامی ئاشتیانەی گەلی کوردستان و گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەییشتن بۆ چارەسەر کێشەکان کرایەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک بارزانی و عوسمان بایدەمیر نزیکبوونەوەی لایەنە کوردییەکان و گوتاری ئاشتیخوازانەی هاوبەشی نەتەوەیی بە پێویست زانرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پاپا فرەنسیس کۆبوونەوە

پاپای ڤاتیکان ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پاپای ڤاتیکانی کرد، لە بەرامبەر پەیام و ئامۆژگارییەکانی بۆ قوولکردنەوەی گیانی ئاشتیخوازی و لێبووردن و بەیەکەوەژیان لە نێوان گەلانی جیهاندا

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات

جەخت لە کاری هاوبەشی لایەنەکان و دامەزراوەکانی هەرێم کرایەوە



دوێنێ چوارشەمە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە مامۆستا سەلاحەددین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە د. هادی عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و د. سەلاحەددین بابەکر کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن و د. محەمەد هادیانی ئەندامی سەرکردایەتیی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی لە شاندی میوان کرد و پێزانینیشی هەبوو بۆ رۆڵ و مانۆڕیی و هەڵوێستەکانی یەکگرتوو لە پرۆسەی سیاسی و قۆناغە هەستیارەکانی ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیروڕا لەبارەی پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ئاڵۆگۆڕ کرا. بارودۆخی لەسەر ئاستی ناوچەکە و قەیرانی سیاسی لە عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق دیدارە بوو و هەوڵدان بۆ دەستبەرکردنی برایەتی و هەرێمی کوردستان و تەحەددیاتی بەردەم گەلی کوردستان تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو و هەوڵدان بۆ دەستبەرکردنی برایەتی و تەبایی سیاسی و یەکڕیزی لە پرسە نیشتیمانییەکان بە پێویست زانرا و جەختیش لە کاری هاوبەشی لایەنەکان و دامەزراوەکانی هەرێم کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە ئاساییشی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکەنە ئامانج.

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کەسوکاری شەهیدانی گوندی چەخماخە

هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر ئاسایش و ژیانی خەڵک هەر ماوە و پێویستە بە هەند وەربگیرێت

دوێنێ چوارشەمە سەرۆک بارزانی لە بارەی پەلامارەکەی تیرۆریستانی داعشی بۆ سەر گوندی چەخماخەی سەر بە شارۆچکەی دووبز و شەهیدکردنی چوار هاوڵاتی، لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری شەهیدانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

شەوی ڕابردوو تیرۆریستانی داعش پەلاماری گوندی چەخماخەی سەر بە شارۆچکەی دووبز لە ڕۆژئاوای کەرکووکیان دا و بەداخەوە لە ئەنجامدا چوار هاوڵاتی شەهید و سێ هاوڵاتیی تریش بریندار بوون.سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری شەهیدانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین و هیوای چاکبوونەوەیش بۆ بریندارانی دەخوازین.

ئەو ڕووداوە و چەندین ڕووداوی هاوشێوەیش بە ڕوونی پێشان دەدات کە تیرۆریستانی داعش بۆشایی ئەمنی و ناسەقامگیرییان بۆ خۆڕێکخستنەوە و بەهێزبوونەوەیان قۆستووەتەوە. هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر ئاسایش و ژیانی خەڵک هەر ماوە و پێویستە بە هەند وەربگیرێت. هەر بۆیەش دەبێ هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی و هاوپەیمانان بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی هەڕەشەی تیرۆر بەردەوام بێت و بەهێزتر بکرێت و، هەروەها کۆتایی بەم بارودۆخە ناسرووشتییە ئەمنی و سەربازییەش بێت کە لەم ناوچانەدا کراوەتە ئەمری واقع.

مسعود بارزانی
19ی2ی2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەکات

نێچیرڤان بارزانی: مەترسیی داعش دژی هەموو مرۆڤایەتییە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی پالێشتیی ئەمەریکای بۆ خەڵکی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە کرد و جەختی لەوە کردەوە کە مەترسیی داعش دژی هەموو مرۆڤایەتییە بۆیە بە پێویستی زانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جددی سەیری سەرهەڵدانەوەی ئەو مەترسییە بکات.

لە کۆبوونەوەیەکدا پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2020/2/19 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەڕێز ڕالف ئیبراهام ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا و شاندێکی یاوەری، هەروەها دووپاتی کردەوە دوای سالی 1991 هەرێمی کوردستان ناوچەیەک بووە کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ئێستاش ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر ڕوویان تێکردووە و وەکو پێگەیەکی بەهێز بۆ خەڵکانی لێقەوماو بەکاردەهێنرێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا بابەتەکانی بەهاناوەهاتنی ئاوارە و پەنابەران لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بێ جیاوازی لەلایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە، پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکانی داعش، بەردەوامیی پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان لە بواری پێشمەرگە، هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لە بواری جیاکاندا و دۆستایەتیی بەهێزی خەڵکی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

تاوتوێکردنی دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە دوای گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان و وەکو هاوپەیمانێکی نزیک و متمانەپێکراو لە شەڕی دژی تیرۆر و هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و هەوڵدان بۆ بەردەوامبوونی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆک بارزانی لە دیدارەکەیدا لەگەڵ لۆرێنزۆ گویرینی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووەوە و تاوتوێی چەندین پرسی هاوبەشیان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا، لە سەرجەم بوارەکان کرا و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکەش تاوتوێ کرا.

جەخت لە گرنگیی بەردەوامبوونی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرایەوە، بەتایبەت لە بواری مەشق و ڕاهێنانکردن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووەوە

ئیتاڵیا ستایشی ڕۆڵی مەسرور بارزانی دەکات لە کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا کۆبووەوە

ئیتاڵیا بەردەوام دەبێت لە مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوێنێ چوارشەمە 19ی شوباتی 2020 لە ڕۆما لەگەڵ لویجی دی مایۆ، وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دواین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا . هەروەها گفتوگۆ لەبارەی زیاتر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا کرا بە تایبەت لە بواری بازرگانی و ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان. هەردوولا دووپاتیان لە پتەوترکردنی دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا کردەوە، هەروەها گرنگیی بەردەوامبوونی مەشق و ڕاهێنانی ئیتاڵیا بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا کۆبوونەوە

ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لە بواری ژێرخانی ئابووری تاوتوێ دەکەن



www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/20 ژمارە (5937)
خەبات

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق دەکات

هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق تاوتوێ کران



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا ڕۆشنایی خرایە سەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق و دواپێن پێشهاتەکانی ناوچەکە و، هەروەها هەڵوێستی لایەنەکان لەمەڕ هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق تاوتوێ کرا. هەڕەشەی تیرۆر و ئەگەرەکانی دەرکەوتنەوە و بەهێزبوونەوەی تیرۆریستانی داعش تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عوسمان بایدەمیر کۆبوونەوە

هەردوولا جەختیان لە گوتاری ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کردەوە



پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/2/19 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتمەداری کورد بەڕێز عوسمان بایدەمیر و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا هەردوولا جەختیان لە خەباتی سیاسیی مەدەنی و لە گوتاری ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدەستهێنانی مافەکانی و لێکنزیکبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان کردەوە. تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و دوا پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و دۆخی کورد لە ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پاپا فرەنسیس کۆبوونەوە

پاپای ڤاتیکان ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پاپای ڤاتیکانی کرد، لە بەرامبەر پەیام و ئامۆژگارییەکانی بۆ قوولکردنەوەی گیانی ئاشتیخوازی و لێبووردن و بەیەکەوەژیان لە نێوان گەلانی جیهاندا

دوێنێ چوارشەممە 2020/2/19 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڤاتیکان لەگەڵ پاپا فرەنسیس پاپای ڤاتیکان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و ڕەوشی بەیەکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و بارودۆخی کریستیانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پاپای ڤاتیکانی کرد، لە بەرامبەر پەیام و ئامۆژگارییەکانی بۆ قوولکردنەوەی گیانی ئاشتیخوازی و لێبووردن و بەیەکەوەژیان لە نێوان گەلانی جیهاندا پێشوازی لە فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاساییشی نیشتیمانیی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا ڕۆشنایی خرایە سەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق و دواپێن پێشهاتەکانی ناوچەکە و، هەروەها هەڵوێستی لایەنەکان لەمەڕ هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق تاوتوێ کرا. هەڕەشەی تیرۆر و ئەگەرەکانی دەرکەوتنەوە و بەهێزبوونەوەی تیرۆریستانی داعش تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کرد، لەو کەشە ئارامەی بۆ تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان ڕەخساندوویانە و شوێنی ئەو ئەمو هەمو ئاواڕە و پەنابەرەیان کردۆتەوە و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دەستەبەرکردوون.

پاپای ڤاتیکان، سوپاسی هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، کە هەمیشە بە تەنگ پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایییەوەیەوە بووە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری توندڕۆیی و شەڕی تیرۆریش لە عێراق و ناوچەکەدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و بۆ مۆژڤایەتی و ئازادی پێکهاتەکان و پارێزگاریکردن لە ماف و کەرامەتیان، قوربانی زۆری داوە.

لەو دیدارەدا، ئاماژە بە ڕەوشی مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان کرا، کە جێگە و پێگەیان لە هەمو ڕووێکەوە پارێزراوە. ئەوەش خرایەڕوو، هەرێمی کوردستان نەک تەنها بۆ مەسیحییەکانی کوردستان، بەڵکو بۆ مەسیحییەکانی کولتوورییەکانیان دەکەن، ئەمەش بەلای حکوومەتی هەرێم، هەمیشە جێگەی بایەخ بووە. هەروەک پەناگەیەکی ئارامیش بووە بۆ سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر، کە بەهۆی تووندوتیژی و بارودۆخی ناوچە جیاوازەکانی عێراق و سووریا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی قەداسەتی پاپاشی کرد بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

قەداسەتی پاپای ڤاتیکان ستایشی ڕۆڵی پەیام و ئامۆژگارییەکانی بۆ قوولکردنەوەی گیانی ئاشتیخوازی و لێبووردن وبەیەکەوەژیان لە نێوان گەلان و پێکهاتە جیاوازەکانی جیهان و عێراق و ناوچەکە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پوختەیەکی دەربارەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە ڕووی بەیەکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، کە هەموان بە ئارامی و تەبایی دەژین و موماردەسەی مافە مرۆیی و ئایینی و تەواوی عێراق، هەرێمێکی ئارام بووە و بە ئاسوودەیی دەژین و نموونەیەکی جوانی بەیەکەوەژیانە.

شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە یاوەری سەرۆکی حکوومەت بوون بریتی بوون لە دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، خالید شوانی وەزیری هەرێم.

فازڵ میرانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە



دوێنێ چوارشەممە 2020/2/19 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ڕەمزی شەعبان ئەندامی یەدەگی م.س و نوێنەری بارەگای بارزانی و بەڕێوەبەری نووسینگەی حزبیی جێگری سەرۆکی پارتی تەها بەروازی ئامادەی ببوون کۆبوونەوەکە بە خولەکێک وەستان لەسەر گیانی شەهیدانی کوردستان و سەرکاروانیان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد دەستپێکرد.

پاشان هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە جیاتی ئەندامەکانی فراکسیۆنی پارتی سوپاسی م.س کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم کۆبوونەوەیە.

فازڵ میرانی سکرتێری م.س وێڕای خۆشحاڵی خۆی بە ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە تیشکی خستە سەر زۆر لە بابەتە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و عێراق و هەرێمی. میرانی دووپاتی کردەوە کە ئەندامبوون لە پەرلەمان کارێکی پیرۆزەو ئەرکێکی سەختە و پێش هەموویان ئەرکێکی مرۆییە لە ڕەچاوکردنی ڕەوشی ژیانی مرۆڤەکان و ئازادی تاک و ئەم ئەرکە بەپەیڕەوی لە هێزی لۆژیکی دەبێت.

هەروەها میرانی ئاماژەی بەوەدا کە لەم تێرمەدا ئێوە بوون بە ئەندام پەرلەمان لەبەر کەفائەت و لێهاتوویی ئێوە بوو، بەڵام ئەم چەندە وا ناگەیەنێت کە کەفائاتی تر نین، پارتی دیموکراتی کوردستان پڕە لە لێهاتووەکان و کادیر و ئەندامی کاراو زیرەک. بەڵام ئێستا نۆرەی ئێوەیەو سبەینێ نۆرەی ئەوانی تر.

فازڵ میرانی دووپاتیشی کردەوە کە ئەرکی پەرلەمانتارەکان کوردایەتییەو ئەمە لە ڕوانگەی وتەی بارزانیی نەمر دێت کاتێ فەرمووبەتی هەر کوردێکی باش پارتییەو ئەمە فەلسەفەیەکی بەرزەو ڕێبازێکی پیرۆزە.

فازڵ میرانی ئاماژەی بەوەش دا کە هەر هەموومان باسی دیموکراتیەت دەکەین بەڵام تا ئێستا تێگەیشتنی بیرۆکەی دیموکراتیەت لای ئێمە لە ئاستێکی نزم دایە. سەبارەت بە ڕەوشی هەرێمی کوردستانیش فازڵ میرانی دیاری کرد کە ئێمە لە ناوچەیەک دەژین کە پڕی گرفتە لە هەموو ڕوویەکەوە بەڵام زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی تر لەم ناوچەیەدا. هەندێک کەس هەن لە کوردستان دەڵێن هیچ نەکراوەو، ئەمە ڕاست نییە، زۆر کرایە، بەڵام ئەوە هەموو خواستی ئێمەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر خواستی ئێمە زۆرترە، بەڵام ڕەوش و کاودان یارمەتیدەر نەبوون.

فازڵ میرانی دووپاتی کردەوە دەبێت کەرتی تایبەت زیاتر ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ بەرەوپێش بردنی وڵاتەکەمان و ڕەخساندنی زیاتری هەڵی کار بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی کوردستان.

میرانی تەئکیدیشی کردەوە کە ئێمەو لایەنەکان لەناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان شەریک و برای یەکین هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیش شەریک و براین و هاوبەشەکانمان زۆرن و هەردوولامان کوردین و کوردستانین و خەڵکی ئەم خاکەین و هەر یەک لە ئێمە بە قەدەر میژوو و قەوارەی خۆی بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێت و میژووی پارتی زۆر پیرۆزەو پڕە لەسەر سەروەرییەکان لەبەر ئەوەی بەرپرسیارەتی ئێمە وەک پارتی زۆرترە لە لایەنەکانی تر، بەڵام ئەم چەندە پێویستی بە جوگرافیای هەیەو ئەویش کوردستانەو دەبێت هەر هەموومان لە یەک سەنگەردا بین بۆ پاراستنی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە.

سەبارەت بە دۆخی عێراقی فیدراڵ میرانی دووپاتی کردەوە کە حکومڕانەکانی عێراق لە دوای ساڵی 2003 تووشی هەڵە بوون و لە ساڵی 2003 تا ئەمڕۆ باسی سیادەی عێراق دەکەن ، بەڵام هەر خۆیان هیچ سیادەیەکیان بۆ عێراق جێنەهێشتووە. هەروەها میرانی دریژەی پێداو گوتی ئێمە لە کاتی ئۆپۆزسیۆن دۆستی وڵاتانی دراوسێ بووین، بەڵام دوای ساڵی 2003 و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی دەبێت عێراقییەکان بەو وڵاتانەی گوتوویانە ئێستا لەگەڵ ڕێزگرتنی بەرامبەرین و دەست نەتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەردولا شەنگستەی پەیوەندییەکان دەبێت لە هەموو بوارەکان دا بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕووینەدا.

هەروەها میرانی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوەی ئێستا ڕووەدات لە عێراق و کوشتنی خۆپیشاندەرەکان و بەکارهێنانی هێز دژیان سەرکۆنەمان کردووەو بەکارێکی خراپی دەزانین و عێراق بەرەو ئاقارێکی تر دەبات. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەش دەرگای دانوستاندن کرایەوە و ئامادەبووان ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر جۆرەها بابەت خستەڕوو و گەنگەشەیان کرد.

ڕاگەیەندراوی لقی 3 لەبارەی پەلامارەکەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر گوندی چەخماخە

نەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لە ناوچەکە هۆکارە بۆ ئەم کارە تیرۆرستییانە

شەوی 18 لەسەر 19ی شوباتی 2020 شەمشەمە کۆیرەکانی تاریکی هێرشێکی تیرۆرستییان کردە سەر گوندی چەخماخەی سەر بەشارۆچکەی دووبز کە سەرجەم دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردن و بەداخێکی زۆرەوە لە ئەنجامدا چوار هاوواڵتی سڤیل شەهید بوون و دوو هاووڵاتی تریش بریندار بوون .

ئەمە یەکەم جار نییە کە تیرۆرستان هێرش دەکاتە سەر ئەم گوندە و گوندکانی تر و سەرجەم ناوچەکە .

ئەم بۆشاییە ئەمنییە کە لە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دروست بووە و نەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لە ناوچەکە هۆکارە بۆ ئەم کارە تیرۆرستیانە کە خەڵکی ناوچەکە بوونەتە ئامانج و ڕۆژانە لە سنووری ناوچە دابڕێندراوەکان شەهید و بریندار دەدەین و نەتەوەی کورد بەتایبەت بووەتە ئامانجی تیرۆریستان، لەهەمان کاتدا ئیدارەی کەرکووک و دەزگا ئەمنییەکان کەمتەرخەمن لە ئاست ئەم کارە تیرۆرستییانە و بگرە هاوکاریشن لەڕاکێشانی دەستی تیرۆریستان و هەر جارەو بەبیانوویەک کوردستانییان لەم ناوچانە دەکەونە بەر هێرشی تونداژۆکان و داگیرکەرانی کوردستان، لەهەر بەشێکی نیشتیمانەکەماندا هەر ڕۆژە و بەجۆرێک لەژێر ناوێکدا گەلەکەمان جینۆساید و کۆمەڵکوژ دەکەن و لەهەمان کاتدا داگیرکاری زەوی و ماڵ و مووڵکی خەڵکی بەردەوامە .

بەناوی لقی3ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە تووندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستییە دەکەین و دڵنیایی دەدەین خۆینی شەهیدان بەفیڕۆ ناچێت و بەردەوام دەبین لە بەگژداچوونەوەی تیرۆرستان.

لەهەمان کاتدا داواکارین لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسانە بێنە دەنگ و ڕێگە لەم تاوانانە بگرن و هەوڵ بدرێ دۆخی ناوچەکە ئاسایی بکرێتەوە و هەموو توانایەک بخرێتە گەڕ بۆ لەناوبردنی تەواوەتی تیرۆریستان و هاوکارانیان .

لقی3ی
پارتی دیموکراتی کوردستان

کەرکووک.. هێرشێکی داعش چوار قوربانی لێکەوتەوە

پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند کە لە هێرشێکی داعشدا بۆسەر گوندێک لە باشووری پارێزگاکە، چوار هاووڵاتی کوژراون. لەوبارەوە ئەفسەر لە پۆلیسی کەرکووک، نەقیب حامد عوبێدی لە لێدوانێکدا ئاشکرای کرد کە چەکدارانی داعش هێرشیانکردووەتەوە سەر گوندی چەخماخەی سەربە قەزای دووزی باشووری پارێزگاکە. نەقیب حامد عوبێدی ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە ئاکامی هێرشەکەدا، چوار هاووڵاتی مەدەنی شەهیدکراون. ناوبراو باسی لەوەشکرد کە دوای ئەنجامدانی هێرشەکە، چەکدارەکانی داعش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون.

جێی باسە وێڕای ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی لە کۆتایی ساڵی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر ڕێکخراوی داعش و دەرهێنانی سەرجەم ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند، بەڵام هێشتا پاشماوەکانی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین و دیالە خۆیان حەشاردراوە و ناوە ناوە هێرش دەکەنە سەر هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی مەدەنی.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبارەی دۆخی ئەمنیی کەرکووک هۆشداری دەدات

بەرپرسی مەڵبەندی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە کەرکووک ڕایەگەیەنێت ئیدارە و پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک، بە پاڵپشتیی هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی عەشایەری و سونەکان دەستیان کردووە بە گەڕاندنەوەی عەرەبەکان بۆ ناو شارە. حەسەن شێخانی، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ماوەیەکی زۆرە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی پێکهاتەی کورد دەکەن و لە شەش مانگ پێشەوە دەستیان کردووە بە گەڕانەوەی عارەبە هاوردەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دەرکردنی کورد لە زێدەی باو و باپیرانییان و شەوانە بە بیانیوو دەستبەسەرداگرتنی چەک، هەڵمەتی پشکنین و گەڕان بۆ گەڕەکە کوردییەکان دەکەن و لە هاونیشتیمانیانی کوردە گوندنشینەکانی بەتایبەت قەدەغە دەکەن و ناهێڵن چەکیان پێی بێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی ئیسلامی ئاماژەی بەوەش داوە :حکوومەتی عێراق ناتوانێت خەڵکی کەرکووک و دەوروبەری بپارێزێت، وەک ئەوەی شەوی ڕابردوو گوندی چەخماخەی سەر بە قەزای دوبز ڕووی دا.

پەرلەمانتارێکی سوید: کوردستان پێگەی بەهێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە



پەرلەمانتارێکی سوید دەڵێ، کوردستان پێگەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. کادیر کاسیرگا، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەرێمی کوردستان توانیویەتی قەوارەی سیاسیی خۆی بپارێزێت و حکوومەت و پەرلەمانی شەرعیشی هەیە و ئاکتیڤتر، ئەمانەش لە ڕووی دەرەوە جێگای بایەخ و گرنگپێدانن. ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێ: هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، کە سوید تێیدا بەشدار بوو، پشتیوانیی هەرێمی کوردستانی دەکرد، ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو و هەر لە سوید هەموو پشتیوانییەک دەکەین کە کوردستان پاراستوو بێت.

ناوبراو ئاماژەیشی دا، ئەوان بە هەموو شێوەیەک کار بۆ دروستکردنی لۆبییەکی بەهێز بۆ کوردستان دەکەن، بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی دنیادا بەهێزتر بێت. گوتیشی: پێوبستیە هەرێمی کوردستان ڕیفۆرمەکانی لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەهێزتر بکات.

سەماوە.. درندەیی ئەنفال

بەرەڤان حەمدی: خەریکی ئامادەکارین بۆ ڕێوشوێنی هێنانەوە و بەخاکسپاردنی ڕووفاتەکان

لە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی سەماوەدا ڕووفاتی 74 منداڵ و 97 ژن دۆزراونەتەوە

جگە لەو سێ گۆڕەکەی سەماوە، گۆڕی دیکەش لە سنوورەکە هەیە



لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵی سەماوەدا تەنیا ڕووفاتی دایک و منداڵانێک دۆزرانەوە کە لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە ئەنفال کرابوون. مانگی ئاداری ساڵی ڕابردوو، سێ گۆڕی بە کۆمەڵ لە بیابانی سەماوە باشووری عێراق دۆزرانەوە و لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا دەستکرا بە هەڵدانەوەی یەکێک لە گۆڕەکان و 171 ڕووفاتی قوربانیانی شالاوەکانی ئەنفالی تیادا دۆزرایەوە. دوای هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان نمونەی ئێسکەکان وەرگیران و کارەکانی پزیشکی دادوەری دەستیپێکرد و دەرکەوت قوربانیان هەموو ژن و منداڵانی کوردن.

وەک بەرپرسێکی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێت، دۆخی ئاسایشی ناوچەکە ڕێگە نادات گۆڕەکان بە تەواوی هەڵبدەینەوە و قوربانیان بگەڕێنینەوە بۆ زێدی خۆیان. بڕیکاری وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، بەرەڤان حەمدی سەبارەت بە زانیاری لەسەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەڵێت: پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بەردەوامی هەیە، ئێستا لە دەورووبەری شنگال و سەماوە ئەو پرۆسەیە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیی و ئیداریەی لە عێراقدا هەیە، ئەو پرۆسەیە لە داهاتوودا بەردەوامیی دەبێت.

بە گوتەی بەرەڤان حەمدی تا ئێستا لەو گۆڕە بە کۆمەڵەی سەماوە 171 ڕووفاتی قوربانیانی شالاوەکانی ئەنفالی ڕژێمی بەعس دۆزراونەتەوە. بەرەڤان حەمدی ئاشکراشی دەکات کە بە پێی ئەو نمونەیەی لە ئێسکی قوربانیان وەرگیراوە، دەرکەوتووە کە سەرجەمیان ژن و منداڵن. لەو گۆڕە بە کۆمەڵەدا ڕووفاتی 74 منداڵ و 97 ژن دۆزراونەتەوە.دۆزینەوەی ڕووفاتەکان ئەوەندە سەخت نەبووە لەوەی هێنانەوەی قوربانیان بۆ زێدی خۆیان کە گەریانە دەکرێ خەڵکی گەرمیان بن، ئەوەندە ئەستەمە. ئەنفالی گەرمیان بە سێیەمین شالاوی کۆمەڵکوژی کوردەکان دادەنرێ کە لە ساڵی 1988 لە ناوچەی گەرمیان ئەنجام دراوە.

لەبارەی هێنانەوەی ڕووفاتەکان لە بیابانەکانی سەماوەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەرەڤان حەمدی دەڵێت کە کاروباری پزیشکی دادوەری بۆ ئەو 171ڕووفاتە لە بەغدا تەواو بووە و گوتی: ئێستا خەریکی ئامادەکارین بۆ ڕێوشوێنی هێنانەوە و بەخاکسپاردنی ڕووفاتەکان بەپێی یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەچوارچێوەی زانستی و یاساییەوە.

بڕیکاری وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئاشکراشی دەکات کە پێشبینی پێنج گۆڕی دیکەی بە کۆمەڵ لەو شوێنە دەکەن و لەمبارەیەوە گوتی: جگە لەو سێ گۆڕە، گۆڕی دیکە لەو سنوورە هەیە ، ئەو کاتەی تیمەکانی ئێمە چوونە شوێنەکە، سێ گۆڕی بە کۆمەڵ هەبوو، ئێستا پێشبینی دەکرێت پێنج گۆڕی دیکەش لەو سنوورە هەبێت بەئاساییبوونەوەی ڕەوشەکە، پرۆسەکە بەردەوام دەبێت.

شایانی باسە شالاوی ئەنفال لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق بە هەشت قۆناغ دژبە گەلی کورد جێبەجێکرا کە تیایدا ڕژێمی پێشوو چەندین هێرشی ئەنجامدا و جگە لە زیندە بەچاڵکردنی پیاوان و منداڵان و ژنان، لە هەندێک ناوچە چەکی کیمیاییشی دژبە گەلی کورد لە عێراق بەکارهێنا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دەستیکرد بە بەدواداگەڕانی ڕووفاتەکان و تا ئێستا چەندین گۆڕی بە کۆمەڵی هەڵداوەتەوە و ڕووفاتەکانی گواستووەتەوە زێدی خۆیان.

مامۆستایانی زانکۆ باس لە گرنگیی سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ ئیتاڵیا و ڤاتیکان دەکەن

د.محەمەد مستەفا: پاڵپشتیکردنی زیاتری ئیتاڵیا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە گرینگییەکی زۆری هەیە بۆ هەرێمی کوردستان

د.سانع شەریف شێروانی: سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ ڤاتیکان ئەنجامێکی پڕبایەخی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت



د.سانع شەریف شێروانی



د.محەمەد مستەفا

خەبات/تریفە ئازاد: دوای بەشداریکردنی کارای ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن و ئەنجامدانی چەندین دیداری گرنگ لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتانی بەشدار بوو، سەردانی ئیتاڵیای کرد و لەگەڵ پاپا فرەنسیس پاپای ڤاتیکان و سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیاو سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان و ژمارەیەک وەزیر کۆبۆوە. لەبارەی گرنگیی سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت بۆ ئیتاڵیاو ڤاتیکان و کۆبوونەوەی لەگەڵ پاپای ڤاتیکان و باقی بەرپرسە باڵاکان دوو مامۆستای زانکۆ بۆ خەبات دەدوێن:

سەرەتا د.محەمەد مستەفا مامۆستای زانکۆ، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی سەردانەکەی سەرۆکی حکوومەت بۆ ئیتاڵیا گوتی: سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ وڵاتی ئیتاڵیا و ڤاتیکان بەڕای زۆربەی سیاسی و ئابووریناسان بە سەردانێکی گرنگ و بەرهەمدار دادەنرێت، سەردانی سەرۆکی حکوومەت و شاندی یاوەری کە پێکهاتووە لە هەریەک لە وەزیرانی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و ئەوقاف و گواستنەوەو گەیاندن و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری هەرێم لەگەڵ بەغدا و لەنزیکەوە بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتی ئیتاڵیا بەتایبەت سەرۆک وەزیران جوزینی کۆنتی و هەریەک لە وەزیرانی بەرگری و ئیتاڵیا و پاپا فرەنسیس پاپای ڤاتیکان، ئەگەر بە وردی سەیری پێکهاتەی شاندەکە بکەین ڕەنگە زیاتر گرنکی سەردانەکەمان زیاتر بۆ ڕوونبێتەوە کە سەردانەکە چەندە گرنک و بایەخدارە، وەئەگەر سەیری ئەو تەوەرانە بکەین کە گفتوگۆی لەسەر کراوە و کارنامەی سەردانەکەیە لەو سەردانەدا خۆی لە چوار تەوەری سەرەکی دەبینێتەوە و هەرچوار تەوەرەکە کە بەڕای من وەک مامۆستایەکی زانکۆ و کەسێکی ئەکادیمی لە ئەمڕۆدا بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنک و پڕ بایەخن، تەوەری یەکەم کە بریتی بوو لە بەدەستهێنان و پاڵپشتیکردنی زیاتری وڵاتی ئیتاڵیا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە لەم سەردانە گرینگی زۆری هەبوو لە ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان زۆر پێویست بوو کە هەرێم پێویستی بە یارمەتی وڵاتە زلهێز و خاوەن ئەزمونەکانە لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و سەقامگیرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە بەبێ هەبوونی ئاسایش و بەرقەراربوونی ئەستەمە هیچ وڵات و حکوومەتێک بتوانێ بەردەوام بێت و هەنگاو بۆ بەرەوپێشچوون بنێت، بۆیە ئەم تەوەرە لەمیانەی سەردانەکەی بەڕێزیان بەرای من گرنگترین تەوەری سەردانەکەیانە. هەروەک پێشتریش باسم لێوەکرد بەرقەراربوونی ئاسایش هاندەرێکیشە بۆ هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان و زۆربوونی وەبەرهێنان، شایەنی باسە لەپێشتریش وڵاتی ئیتاڵیا هاوکار و هەماهەنگی پێشمەرگە بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و شەڕی داعش و بەڕێز سەرۆکی حکوومەتیش ئاماژەی بەو بابەتەکرد لە میانەی دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەو سوپاسیشی کرد. تەوەری دووەمی ئەو سەردانە کە خۆی لە پێشکەشکردنی دەستپێشخەری سەرۆکی حکوومەت ئەدەبینێتەوە بۆ حکوومەتی ئیتاڵیاو کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران کە ئەمەش وەک هاندانێکە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر بکەن لە هەرێمی کوردستان، بەمەش هەلی کار بۆ هەزاران لە گەنج و لاوانی هەرێم دروست دەبێت بۆ کارکردن لە کۆمپانیا وبەرهینەرانەکانی ئیتاڵی لە هەرێمی کوردستان، سێیەم باسکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئاینەکان و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بە گشت نەتەوەو ئاینەکان، باسکردن و ئاماژە پێکردن بەوەی هەرێمی کوردستان نمونەی پێکەوە ژیانی گشت نەتەوەو ئاینەکانی ناوچەکەیە کە تا ئێستا خۆشبەختانە حکوومەتی هەرێم بەشێوەیەکی زۆر تەندروست توانیویەتی ئەو بالانسە ڕابگرێت کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە هیچ حکوومەتێکی تر نەتوانێت هاوشێوەی هەرێمی کوردستان بۆ یەکسانی و دادپەروەریان بۆ فەراهەم بێنێت و مافەکانیان دەستەبەربکات بەو شێوەی ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی، چوارەم: لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانە کە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سووریا و تێکچوونی بارودۆخی عێراق و بەردەوامی شەری داعش کە لەناوچەکە دروست بووە. لێرەدا گرینگی سەردانەکەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆر پێویستن بۆ هەرێمی کوردستان.

هەروەها د.سانع شەریف شێروانی مامۆستا لە فاکەلتی یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سۆران لە بارەی گرینگی سەردانەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ پاپای ڤاتیکان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ هەریەک لە وڵاتانی ئیتاڵیاو ڤاتیکان و پێشوازی لێکردنیان لەلایەن سەرکردەکانی ئەو وڵاتانەوە گرنگییەکی پڕبایەخی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە لە لایەک ئەمە دەکرێت بڵێین داننانێکی نێودەوڵەتییە بە پێگەی هەرێمی کوردستان کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە، وە کاریگەری بەرچاوی ئەرێنی دەبێت لەسەر پێشکەوتنی کەرتی ئابووری و ئەمنی هەرێمی کوردستان کە خۆی لە کوردستانێکی بەهێزو ئارام وپێشکەوتوو دەبینێتەوە. لە لایەکی تریشەوە ئەم وڵاتانە بۆیان بەرچاوە کە شوێنێکی ئارام و ئاوەدان و بەرەوپێشچوون لە ڕووی ئابووری و پێکەوە ژیانەوە نییە لە عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە مامەڵەکردن و پەیوەندی کردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان کارێکی تەواو ڕەواو تەندروستە هەم لە ڕووی دەستووری عێراقەوە و هەمیش لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتیشەوە، چونکە دەبینن پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی فەراهەم و ڕێگیراون لەم هەرێمە، بۆ نموونە بنەمای پێکەوەژیانی خەڵک لە نێوان پێکهاتە ئاینی ونەتەوەییەکانی ناو هەرێم هەیە بەتایبەت کریستیانەکان کەئازادانە مومارەسەی ژیانی خۆیان دەکەن لە هەرێم و هەموویان پاریزراون لە ژێر چەتری حکوومەتی هەرێمدا بەبێ جیاوازی. گرنتر لەمەش پرەنسیپی دیموکراسی لە هەرێم مومارەسە دەکرێت کە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵات و حکوومەت شەرعین و لەلایەن گەلەوە بڕیاری لێ دەدرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرەنسیپێکی گرنگی نێودەوڵەتییە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پەیڕەو دەکرێت. لە هەمووی گرنگتر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لەلایەن پاپای ڤاتیکان بە گرنگییەوە پێشوازی لێکرا، بێگومان ئەمە گرنگییەکەی زیاد لە پێویستە بۆ هەرێم، چونکە پاپای ڤاتیکان سەرۆکی وڵاتێکی 500 کەسی کە نوێنەری زۆرینەی ڕەهای کریستانەکانی جیهانەو کاریگەرییەکی گرنگی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر کرانەوەی پەیوەندییەکان هەرێم بەڕووی وڵاتانی جیهاندا. بۆیە بەگشتی ئەم سەردانەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت ئەنجامێکی پڕبایەخی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لاڤرۆڤ: حەفتەر کەسێکی جیاخواز نییە وەک ئەوەی تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات

ئەنجوومەنی ئاسایش دانی بە سوپای نیشتیمانی لیبیا بە سەرۆکایەتی خەلیفە حەفتەردا ناوە

ئا: خالید گەردی

لە هەواڵێکی "زەمانی تورکی"دا هاتووە سیرجی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە میانەی بەشداری کردنی لە میونخی ئەڵمانی، لە ناوەخنی لێدوانەکانی چەند پەیامێکی گرنکی بۆ تورکیا لە خۆگرتبوو، لێدوانەکانیشی لەکاتێکدا شەڕوپێکەداون لە نێوان سوپای تورکیاو سوپای سووریا کە مۆسکۆ پاڵپشتی لێدەکات لە ئیدلب ڕوویداوە. لاڤروف لەمیانەی وتارەکەیدا لە کۆنگرەی ئاسایش لە میونخ، ئاماژەی بەوەدا ئەنجوومەنی ئاسایش دانی بە سوپای نیشتیمانی لیبیا بە سەرۆکایەتی خەلیفە حەفتەر دانناوە وەک لایەنێکی سەرەکیی ململانێکانی نێو لیبیا هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایش دڵخۆشیی خۆیان بە ئاکامەکانی کۆنگرەی بەرلین لەبارەی لیبیا دەربڕیوە داوایان لە هەر یەک لە فایز سەرح و خەلیفە حەفتەریش کردووە



ئاگربەست رابگەیەنن دەست بەچارەسەرکردنی کێشەکانی لیبیا بکەن. گوتیشی کۆنگرەی بەرلینیش لای خۆیەوە جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە. ئەوانیش واتا ڕووسیا لەپاڵپشتی کردنی خەلیفە حەفتەر بەردەوام دەبن لەبەر ئەوەی حەفتەر مەیلی جیاخوازی نییە بەڵکو لایەنێکە لە کۆنگرەی بەرلین. هەرچی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی دەڵێ ئاگربەستی ڕابگەیەنن بە مەبەستی ڕێکخراوەکە بەهێزکردنی قیشەکانی فەرمانی بەناو لیبەرسراوی میدیا لەنێو داعشدا، ئامادەکراون.

ئەو کاربەدەستەی داعش باسی لەوەکرد دەقێکی دراوەتێ کە پێشتر ئامادەکراوە و داوای لێکراوە بیخوێنێتەوە و بۆ هەر قیدیۆیەک کە خولەک و نیوێک تا دوو خولەک بووە نارد ووە لە دژی سوپاکەی حەفتەر.

بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتیش هەر یەک لە ئەنقەرەو مۆسکو یەکتر بە خراپبوونی دۆخی ئیدلیب لەباکووری خۆرئاوای سووریا تاوانبار دەکەن.

ئاژانسەکانی هەواڵ لە مۆسکۆ لە سەرچاوەیەکی سەربازییان گواستۆتەوە تورکیا سیستەمی بەرگری ئاسمانیی کە لەسەر شان بەکار دێت لە تورکیا دروست دەکرێت لەگەڵ70 زرێپۆش و نزیکەی 200 تانک و 80 تۆپ هاوێژیان بۆ چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە ئیدلیب ناردووە.

مەولود داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆنگرەی ئاسایش لە میونخ ڕایگەیاند: ئەگەر دۆخەکە لە ڕێگای هەوڵی کەناڵە دیبلۆماسییەکان چارەسەر نەکرا، ئێمە هەنگاوی پێویست دەگرینەبەر. فوئاد ئۆقتای جێگری سەرۆکی تورکیاش بە کەناڵی NTVای ڕاگەیاندووە ناتوانین لە ئاست ئەو کارە دڕندانەی لە سووریای هاوسێمان ڕووەدات بێ دەنگ بین، تورکیا بە بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی لە ئیدلیب هەڵساوە، هەندێ پێگەی چاودێری تایبەت بە ئێمە کە ڕێککەوتنی ساڵی 2018ی لەسەر واژوو کراوە ئێستا کەوتوونەتە ناو ئەو ناوچەیەی کەڕژێمی سووریا کۆنترۆڵی کردووە.

داعش ناوەندێکی تایبەتی لە سووریا بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆکانی کوشتن دامەزراندبوو

گەورە تیرۆریست لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، (ی. ئ. ئ)ی تەمەن 50 ساڵ کە نازناوی "ئەبو تەقی ئەلشامی"یە و لە شارۆچکەی ئینەگۆل سەربە پارێزگای بورسا دەستگیرکرا لە دانپێدانانەکانیدا، باسی لە ئامادەکردنی ڤیدیۆکانی کوشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن، کرد. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستکەوتوون، (ی. ئ. ئ)ای بەڕەگەز سووری کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوودا دەستگیرکراوە لە ئیفادەیدا بۆ پۆلیس، باسی لەوەکردووە ئەو ڤیدیۆیانەی بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن بۆ کۆشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن، (ی. ئ. ئ)ای تەمەن 50 ساڵ کە نازناوی "ئەبو تەقی ئەلشامی"یە و لە شارۆچکەی ئینەگۆل سەربە پارێزگای بورسا دەستگیرکرا لە دانپێدانانەکانیدا، باسی لە ئامادەکردنی ڤیدیۆکانی کوشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن، (ی. ئ. ئ)ای تەمەن 50 ساڵ کە نازناوی "ئەبو تەقی ئەلشامی"یە و لە شارۆچکەی ئینەگۆل سەربە پارێزگای بورسا دەستگیرکرا لە دانپێدانانەکانیدا، باسی لە ئامادەکردنی ڤیدیۆکانی کوشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن، (ی. ئ. ئ)ای تەمەن 50 ساڵ کە نازناوی "ئەبو تەقی ئەلشامی"یە و لە شارۆچکەی ئینەگۆل سەربە پارێزگای بورسا دەستگیرکرا لە دانپێدانانەکانیدا، باسی لە ئامادەکردنی ڤیدیۆکانی کوشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن، (ی. ئ. ئ)ای تەمەن 50 ساڵ کە نازناوی "ئەبو تەقی ئەلشامی"یە و لە شارۆچکەی ئینەگۆل سەربە پارێزگای بورسا دەستگیرکرا لە دانپێدانانەکانیدا، باسی لە ئامادەکردنی ڤیدیۆکانی کوشتن لەلایەن ڕێکخراوەکە بەمەبەستی ڕۆپاگەندەکردن بۆ هەواڵییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی تورکیا، خەلیفە حەفتەر بە کەسێکی کودەتاچی ناودەبەن و لەڕێی نارەزایی پارمەتی سەربازی پاڵپشتی لە حکوومەتی وێفاقی لیبیا دەکات کە کۆنترۆڵی تەرابلوسی پایتەختی بەدەستەوەیە، بە پێی هەندێ ڕاپۆرتیش کە ئەنقەرە بەبەردەوامی ڕەتی دەکاتەوە چەکدارە سووریییەکانیشی بۆ پاڵپشتی کردنی حکوومەتەکەی تەرابلوس ئامادە و مۆنتاژکراون و بۆ جیهان بڵاوکرانەتەوە. تیشکی خستووەتە سەر ئەوەش کە دیلەکان نەیانزانیوە دەکوژرێن و پێیان گوتراوە بەمەبەستی ئامادەکردنی ڤیدیۆیەک بۆ ڕۆپاگەندە بەکارددەهێنرێن و هێنرانەتە شوێنی تۆمارکردنی ڤیدیۆکان.



کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ: لە خۆپێشاندانەکاندا 545 کەس کوژراون و 24 هەزاری دیکەش بریندارببوون

تا ئێستا 79 کەس ڕفێندراون کە چواریان کچن و دوو هەزار و 800 کەسیش دەستگیرکراون

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق باڵاویکردەوە کە لەمیانی خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا، تا ئێستا 545کەس کوژراون و 24 هەزاری دیکەش بریندارببوون.

لەوبارەوە ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی لە ڕایگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوەکردووە، لەمیانی خۆپێشاندانەکاندا کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە ئەنجامدەدرێن و تا ئێستا بەردەوامە، 545 کەس کوژراون کە 17یان کارمەندی ئەمنین. عەلی بەیاتی ئەوەشی خستووەتەڕوو کە هەر لەمیانی خۆپێشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا، تا ئێستا 24 هەزار کەس بریندارببوون، بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە لەوەی ئایا سەرجەمیان خۆپێشاندەرن یان کارمەندی ئەمنیشیان لەنێودایە. ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی ڕوونیشیکردەوە، هەر لەمیانی خۆپێشاندانەکاندا، 79 کەس ڕفێندراون کە چواریان کچن و لەو ژمارەیە 22یان ئازاد کراون کە یەکێکیان کچە.

ناوبراو باسی لەوەشکرد، هەر لەمیانی خۆپێشاندانەکاندا، دوو هەزار و 800 کەسیش دەستگیرکراون کە دوو هەزار و 762یان ئازادکراون و 38 کەی دیکە هێشتا ئازاد نەکراون و دەستبەسەرکراون.

جێی باسە ڕۆژی سێشەمە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق بڵاوکردبووەوە و تیایدا هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە هێز بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکار دەهێنن و تەقەیان لێ دەکەن.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/20 ژمارە (5937)
خەبات

بارزان... لە یادی 18ی شوباتدا لەسەر گلکۆی نەمران سۆز و وەفاداری بۆ ڕێبازی بارزانی نوێکرایەوە



مسلم دۆلەمەری ـ بارزان:
بۆ بەرزو پیرۆزراگرتنی 18ی شوبات سالڕۆژی دامەزراندنی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لقی میرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەندین چالاکی جۆراو جۆر بەڕێوەچون، کە سنوری هەردوو ناوەندی بالای گرنترینیان سەردانیکردنی ژمارەیەک لە بەرپرس و کادیرانیان بوون بۆ سەرگلکۆی نەمران لە بارزان، دووای بەخێرهێنانیان لەلایەن لێژنەی پێشوازی و دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گلکۆی نەمران سۆزو وەفاداری خۆیان دووپاتکردەوە کە تا دووا دڵۆپی خوێنی جەستەیان درێژە پێدەری ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بن بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئازادی کوردو کوردستان. هەر لە درێژەی چالاکیەکاندا لە هۆڵی ئامادەیی میرگەسور چەند چالاکییەک لە لایەن لقی میرگەسوری قوتابیانەوە بەڕێوەچوون لەوانە سازدانی ئاهەنگێکی خنجیلانەو پێشکەشکردنی شانۆگەریەک و دابەشکردنی خەلات بە سەر قوتابیە زیرەکەکان و بەخشینی ڕێزلێنان بەسەر هەندێ کادرو قوتابیان، هەروەها ژمارەیەک چالاکیش لە پەیمانگای زانستە کۆمپیوتەرەکانی میرگەسوریش بەم بۆنەیەوە بەڕێوەچون.

تەئکیدی لەهەماهەنگیی زیاتر لە پێناو کارکردنی هاوبەش لە نێوان پارتی و پارتی کریکاران و ڕەنجدەران کرایەوە



بۆ پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان هەردوولا، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە ئامادەبوونی بەرپرس دیسکی پارتە کوردستانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە باپیر کامەلا سکرتێری پارتی کریکاران و ڕەنجدەران کوردستان و کارگێڕ و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا باروودۆخی کوردستان و هەستیاری ناوچەکەو ناجێگیری ڕەوشی سیاسی عێراق و هەنگاوەکانی ڕاسپاردنی سەرۆک وەزیران بۆ حکومەتی نوێ عێراق و ئایندەی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بەگشتی باسی لێوەکرا، پاشان بەڕێرسی پەیوەندییەکانی پارتی ئامادەیی بە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کردو تەئکیدی لەهەماهەنگی زیاتر لەپێناو کارکردنی هاوبەش بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و بەدیهێنانی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و پاراستنی دەستکەوتەکان کردەوە، لە بەرانبەردا سکرتێری پارتی کریکاران و ڕەنجدەران هەماهەنگی خۆیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پالپشتیان بۆ کارو هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرکەوتن بەسەر ئەم قۆناغە دەربڕی. هاوکات هەردوولا تەئکیدیان لەبەرپرسیارەتی میژووی نەتەوەیی لەپێناو پاراستنی بەڕژەوەندییە گشتیەکان و خزمەتکردن بەخەڵکی کوردستان کرایەوە.

بەرپرسی لقی 16 هونەرمەند ماجد شکاک بەسەردەکاتەوە



بەمەبەستی بەسەرکردنەوەو ئاگاداربوون لەبارى تەندروستى هونەرمەندى دیارو ناسراوى گەلەکەمان ماجد شکاک، بڵند ئیسماعیل بەرپرسى لقى16ى هەولێرى پارتى بەیاوەرى ئاواره هەولێرى و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانى لق لەشارى هەولێر سەردانى هونەرمەند ماجد شکاکى کرد کە لەچەند ڕۆژى ڕابردوودا دواى ئەوەى بارى تەندروستى تێکچووبوو نەشتەرگەریەکى سەرکوتووى بۆ کرا.
لەمیانى سەردانەکەیدا بەرپرسى لقى16ى هەولێر وێڕاى هەواڵپرسین لەبارى تەندروستى هونەرمەندى ناوبراو، هیواى هەرچى زوو چاکبوونەوەى بۆ خواست و ئاماژەى بەڕۆڵى هونەرمەندانى کوردستان کرد کە توانیویانە لەڕێگاى هونەرەکەیانەوە خزمەتێکى گەورە بە هونەرو هونەردۆستان و میللەتەکەمان بکەن و ڕۆڵى گەورەشیان بینیوە لەپێشخستنى کۆمەڵگاکەمان و ناساندنى گەلەکەمان بەمیللەتانى دونیا، بۆیە بەئەرکى خۆمانى دەزانین هەرچى لەتوانادابێت بیکەیت بۆ خزمەتکردنى هونەرمەندان. لەبەرامبەردا هونەرمەند ماجد شکاک سوپاسى گەرمى خۆى ئاراستەى بەرپرسى لقى16ى هەولێر کرد بۆ سەردانیکردن و ئەو گرنگییە زۆرى پێیداوەو دوپاتى کردەوە کە ئەوەى لەتوانایدابێت لەڕێگەى هونەرەکەیەوە خزمەت بەنیشتمان و نەتەوەکەى بکات، جێگەى ئامادەیى پێدانە هونەرمەندى ناوبراو یەکێکە لە هونەرمەندە دیارو ناسراوەکانى بوارى دراماو شانۆى کوردى بەشدارى دەیان بەرهەمى هونەرى شانۆو دراماى کردووە.

زاخۆ... ڕێگا گرشین ـ دوریانا سحێلا بە درێژیا 20 کیلۆمەتر هاتەڤەکرن



خەبات ـ دهوک:
دوهی سپێدێ ب ئامادەبونا چەند بەرپرسێن کارگێری و فەرمانگەهێن پەیوەندیدار ڕێکا گرشین- دوریانا سحێلا ب درێژیا 20کم ل دەڤەرا زاخو هاتەڤەکرن.
ئەندازیا خەدیجە محەمەد ڕێڤەبەرا ڕێک وپرا ل دهوکێ ل دور گرنگیا ڤەکرنا ڕێکێ گوت: ڤێ ڕێکێ گرنگیا خو یا تایبەت هەیە چونکو ڕێکەکا دەولی یە و هاتنوچونەکا زور لسەر دهێتە کرن ودێ بزاڤا بازرگانی زوتر هێتە ئەندجامدان ورودانێن هاتن وچونا ترومبێلا ژی دێ کێمتر لێ هێن. هەروەسا گوت: پڕوژە ل بن سەرپەرشتیا ڕێڤەبەریا ڕێک وپرا هاتیە ئەنجامدان و ب پشتەڤانیا بەنکا نیڤدەولەتی ب کوژمێ 53 ملیون و 648 هزار دولاران ل روژا 2017/7/6 دەست ب بجهئینانێ هاتبو کرن و د ماوێ 900 روژان دا ب دوماهی هاتیە و نوکە ل هەمبەر هاتن وچونێ هاتیە ڤەکرن، ڕێک 20کم یا درێژە جوت سایدە وهەر سایدەک 5،7 مترا یێ فرەهە وسێ تەخێن ئەسفەلتی ل سەر هاتینە دانان وسێ پارکینگ دپڕوژەی دا هەنە دگەل چێکرنا چار ئەندەر پاسا و 78قەنتەرا وچار جهێن دەربازبونێ بو دەربازبونا تەرش و کەوالی و پێدڤیێن چاندنێ لێ هاتینە دورستکرن و هەردوو جادە د فێنسکرینە بو پاراستنا شوفێران ژرودانا پڕوژە ژلایێ کومپانیا HGG هاتیە بجهئینان.
هەژی گوتنێیە ڕێکا نوو دێ هاتنوچونا بازرگانی بلەزتر لێ کەت و رودانێن هاتنوچونێژی دێ کێمتر لێ هێن، چونکو ڕێکا کەڤن ب ڕێکا مرنێ هاتبو ناڤ کرن وروژانە رودانێن بەرچاڤ لێ چێدبون.

هەولێر... بەهۆی پابەندنەبوون بەڕێنمایی و مەرجەکان چەند شوێنێک داخران

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەمەبەستی پشکنین و بەدواداچوون لەجێ بەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییەکان، لێژنەی پشکنینی قایمقامیەتی هەولێر، پشکنین و بەدواداچوونی بۆ 14خواردنگە و چێشتخانە و گۆشتفرۆش و سەمونخانە و نانەواخانە و کارگەی لوقم و بەهاراتفرۆش ئەنجامدا، لەئاکامدا بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان و جێ بەجێنەکردنی مەرجەکان، سەمونخانەیەک و کارگەیەکی لوقم و چێشتخانەیەکی پاچە داخران.

هەولێر... تاوانبارێک لەسەر دزی دەستگیرکرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەمید دلێر نەجارِ بە خەباتی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی چەند ڕوودواوێکی دزیکردن لە درێم ستی ڕوویاندا، پۆلیسی هەولێر تیمێکی لێکۆڵینەوەی بۆ دەستگیرکردنی بکەری سەرەکیی تاوانەکە پێکهێنا، کە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکان و کامێرای چاودێری، توانرا کەسی تۆمەتبار بە ناوی (ت.ح.ک)، تەمەن 34 ساڵ بناسرێت و بە ماوەیەکی کەم دەستگیر بکرێت. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕاشیگەیاند، کە تۆمەتبار بە پیشەی سیکوریتی، ئەرکی پاسەوانیکردنی شوێنێکی پێ سپێردرابوو. ڕوونیشی کردەوە، لە مانگی تۆمەتبارەکەدا، هەموو ئەو پێداویستی و جلوبەرگانە دەستیان بەسەردا گیرا، کە تاوانەکانی پێ ئەنجام دابوو.
عەمید دلێر نەجارِ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو، کە پێشتر تۆمەتباری ناوبراو لە ساڵی 2015 لەسەر تاوانی دزیکردن دەستگیر کرابوو، بەڵام بەر لێبوردنی گشتی کەوتبوو و ئازاد کرابوو، ئێستاش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دووبارە دەستگیر کراوەتەوە.
گوتیشی، پەڕاوێزی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخرا و بەپێی مادەی 444 لە (ی.س.ع.) تۆمەتباری ناوبراو بەند کراوە.

بەفربارین جموجۆڵی لە دەروازەی حاجی ئۆمەران ڕاگرتووە



بەهۆی ئەو شەپۆلە بەفربارینەی کە ناوچە سنووریەکانی گرتووەتەوە، ماوەی پێنج ڕۆژ دەبێت جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاری لە دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ڕاوەستاوە، گوتەبێژی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ڕایدەگەیەنێت کە ئەگەرچی تیمەکانی ڕامالینی بەفر بەردەوام خەریکی پاککردنەوەی شەقامەکانن، بەڵام ڕێژەی بەفربارینەکە زۆرە و ڕێگاکانی هاتوچۆی پەکخستووە.
گوتەبێژی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، سیروان حوسێن لە لێدوانێکدا گوتی: تیمەکانی ڕامالینی بەفر بە بەردەوام خەریکی ڕامالینی بەفری سەر شەقامەکانن، کاتژمێر 10ی شەوی ڕابردوو ڕێگاکانی گەشتیاری لەناو کۆمەڵگا پاککرانەوە و کێشەی نەما و لە دەرەوەی کۆمەلگاش تیمەکان کاری خۆیان ڕاپەڕاندبوو، بەڵام تا ئەمڕۆ بەیانی بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگاکان وەکخۆی لێ هاتووەتەوە.
بەگوتەی گوتەبێژی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، ماوەی پێنج ڕۆژە بەهۆی بەفربارینەوە جموجۆڵەکان لەم دەروازەیەوە ڕاوەستاوە و پێشبینیش دەکەن کە ئەم هەفتەیەش بەفربارین بەردەوام بێت و لەمبارەیەوە گوتی: بەهۆی بەفربارینەوە لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردووەوە، جموجۆڵ لە دەروازەی حاجی ئۆمەران وەستاوە، ماوەیەکی زۆرە بەفر بەم شێوەیە لە حاجی ئۆمەران نەباریوە، بەپێی پێشبینییەکانی کەشناسیش بێت، ئەم هەفتەیەش بەفربارین بەردەوام دەبێت.
سیروان حوسێن گوتیشی: هاتوچۆ لە دیوی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک باشترە، بەڵام لەودیو سنوورەوە ڕێگاکان تەواو گیراون لە شەوی ڕابردووشەوە بەفربارین دەستیپێکردووەتەوە.

هەولێر... بەهۆی پابەندنەبوون بەڕێنمایی و مەرجەکان چەند شوێنێک داخران

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەمەبەستی پشکنین و بەدواداچوون لەجێ بەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییەکان، لێژنەی پشکنینی قایمقامیەتی هەولێر، پشکنین و بەدواداچوونی بۆ 14خواردنگە و چێشتخانە و گۆشتفرۆش و سەمونخانە و نانەواخانە و کارگەی لوقم و بەهاراتفرۆش ئەنجامدا، لەئاکامدا بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان و جێ بەجێنەکردنی مەرجەکان، سەمونخانەیەک و کارگەیەکی لوقم و چێشتخانەیەکی پاچە داخران.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/20 ژمارە (5937)

ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان لە کوردستان ڕوو لە زیادبوونە

بەڕێوەبەری گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان: قامگیری و ئارامیی کوردستان وایکردووە ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان زیادبکات





ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

هێمنی و ئارامی کوردستان وایکردووە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی کۆمپانیاکان لەکوردستان ڕوولەزیادبوون بکات، بەتایبەت دوای نەمانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بارودۆخی ئابووری کوردستان بەرە و بووژاندنەوە هەنگاوی ناو کەرتی بازرگانی ڕووی لەگەشەکردنێکی بەرچاوکرد و لەپارسالەوە ژمارەی کۆمپانیاکان زۆر زیادیانکردووە، بە بەڕاوورد بە ساڵانی ڕابردوو، ساڵی 2019چەندین کۆمپانیای تازە تۆمارکراون، بەگوتەی شێخ ئاراس بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەکوردستان، ڕوونیکردەوە: ئەو سەقامگیریەی کە لەکوردستان بەرچاو دەکەوێت وای لەکۆمپانیاکان کردووە کە ڕوو لە بووژاندنەوەی کوردستان بکەن، بەتایبەتی کۆمپانیا بیانییەکان ژمارەیان زۆر زیادیکردووە، دەربارەی ڕەوشی ئابووری کوردستان ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان زۆر زیادیانکردووە

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ڕوونیکردەوە، لەساڵی 2018 ژمارەی کۆمپانیا خۆمالییەکان بریتیبوون لە 600کۆمپانیا و لقی کۆمپانیا بیانییەکانیش تەنها 28 کۆمپانیا، لەساڵی پاریشدا ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیا خۆمالی و 55کۆمپانیای بیانی زیادیکردووە و گەیشتۆتە سەرووی 3هەزار و 400 کۆمپانیا، لەشاری هەولێر هەزار و 175کۆمپانیای جۆراوجۆری تا ئابووری زیاتر گەشەبکات.

بەپێی ئامارەکانی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان) لەساڵی 2019 لەسەرووی سێ هەزار کۆمپانیا، لەبواری جیاجیاکاندا کاردەکەن، وەک (پیشەسازی و بیناسازی و کشتوکاڵ)، ژینگەی کوردستانیش ژینگەیەکی زۆر ئارام و سەقامگیرە و جێی مەترسی نییە. ئێستاش سیستەمی ئۆنلاین لە (وەزارەتی بازرگانی) کاری پێدەکرێت و دەتوانرێت بەچەند کاتژمێرێک ناوی بازرگانی و پیشەسازی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان) لەساڵی 2019 لەسەرووی سێ هەزار کۆمپانیا، لەبواری جیاجیاکاندا کاردەکەن، وەک (پیشەسازی و بیناسازی و کشتوکاڵ)، ژینگەی کوردستانیش ژینگەیەکی زۆر ئارام و سەقامگیرە و جێی مەترسی نییە. ئێستاش سیستەمی ئۆنلاین لە (وەزارەتی بازرگانی) کاری پێدەکرێت و دەتوانرێت بەچەند کاتژمێرێک ناوی بازرگانی و پیشەسازی کۆمپانیا تۆمار بکرێت.

زۆرترین کۆمپانیا لەهەولێر کاردەکەن

سەبارەت بە ژمارە کۆمپانیاکان ڕاوسەرنجی "فەتحی محەمەد" گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم، ڕوونیکردەوە: دیارە سەقامگیری کوردستان وایکردووە کە ژمارەی کۆمپانیاکان زۆر زیاد بکات و ئامارەکان دڵخۆشکەرن، بەشی زۆری کۆمپانیاکان (کۆمپانیای تورکی و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی)یەو ڕێژەکە بەرز بۆتەوە، لەساڵی 2019 بەبەراورد بە ساڵی 2018 تەقییەوە و کەردەوەی تیرۆریستی، کۆمپانیا بیانییەکان ناتوانن وەکو پێویست کاربکەن، ئەگەرچی لەشارەکانی عێراق پشێوی و ئاڵۆزی وخۆپیشاندان هەیەوکاریگەری ئەرێنی بۆ سەر کۆمپانیا بیانییەکان هەیەو لەکوردستان ئەو کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک کاردەکەن و لەبەر ئاڵۆزی دۆخی عێراق، ژمارەی کۆمپانیای بیانی کارەکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ هەرێم و بەبێ ترس لەشارەکانی کوردستان کاری خۆیان ئەنجامدەدەن.

تاوەکو ساڵی 2018 لەکوردستان تەنها 34کۆمپانیای بیانی تازە تۆمار کراون و لەساڵی 2019یش ڕێژەکە بەرز بووەوە بۆ 60 کۆمپانیا و ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکانی کە لەشاری هەولێر کاردەکەن ژمارەیان دوو هەزار 304 کۆمپانیاو لەشاری سلێمانیش 534کۆمپانیاو لەشاری دهۆکیش 264 کۆمپانیا هەن، بەپێچەوانەوە لە شارەکانی خواروی عێراق کۆمپانیا بیانییەکان لەترسی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی بیانی لەکوردستان زیادیکردووە، لەساڵی 2018 تەنها 34کۆمپانیای بیانی تازە تۆمار کراون و لەساڵی 2019یش ڕێژەکە بەرز بووەوە بۆ 60 کۆمپانیا و ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکانی کە لەشاری هەولێر کاردەکەن ژمارەیان دوو هەزار 304 کۆمپانیاو لەشاری سلێمانیش 534کۆمپانیاو لەشاری دهۆکیش 264 کۆمپانیا هەن، بەپێچەوانەوە لە شارەکانی خواروی عێراق کۆمپانیا بیانییەکان لەترسی



سلێمانی.. کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ ڕێگریکردن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا

خەبات: سلێمانی

بەمەبەستی ئامادەکاری و هەماهەنگی بۆ ڕێگریکردن لەڤایرۆسی کۆرۆنا، بە بەشداری پارێزگاری سلێمانی، هەڤاڵ ئەبوبەکر و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، سەباح نەسرەددین و بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی، حەسەن نوری و بەڕێوبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، ڕزگار عەلی و بەڕێوبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، تاهیر ڕەشید لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا.لەو کۆبونەوەیەدا باس لە تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرا.

دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا پارێزگای سلێمانی، هەڤاڵ ئەبوبەکر ئامادەی بەوەدا کە داوای لە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کرد کە پێداویستیەکانی ڕێگریکردن و خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە دابین بکەن و پشتیوانیی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بکەن.

هەڤاڵ ئەبوبەکر هەمور لایەکی دڵنیاکردەوە کە تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی لەم جۆرە لە سلێمانی تۆمار نەکراوە و گوتی: "ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سەبارەت بە ئامادەکاری و ڕێنمایی و پشکنینەکان دەبێت جێبەجێ بکرێن وەکو پارێزگای سلێمانی لەڕووی لۆجستی و داراییەوە بەپێی توانا پشتیوانیان دەبین."

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، سەباح نەسرەددین ڕایگەیاند "هیچ حاڵەتێکی کۆرۆنا لە سلێمانی تۆمارنەکراوە و لە ئەگەری بوونی هەر حاڵەتێکدا، نەخۆشخانەیەکیان تەرخانکردووە".

سەباح نەسرەددین داوای لە هاوواڵتیانی سلێمانی و هەرێمی کوردستان کرد هۆشیار بن و هەر زانیارییەکیان هەبێت لەسەر ئەو هاوواڵتییانەی لە وڵاتی چین-ەوە گەڕابێتنەوە هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی لێ ئاگادار نەکرابێتەوە، لایەنی تەندروستی ئاگاداربکەنەوە لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگا و ژیانی هاوواڵتیان.

بەڕێوبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، تاهیر ڕەشید گوتی: "بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی پشکنین دەکەین بۆ هەرکەسێک کە گومانی کۆرۆنای لێ بکرێت".

چیرۆکی ئەو باوک و کچە سووریيەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاندووە



ماوەی شەش مانگە باوکێکی شاری ئیدلب کچە چوار ساڵەکەی فێر کردووە لە کاتی بیستنی دەنگی مووشەکدا پێبکەنێت

ئەو باوک و کچەی لە شارۆچکەی سەراقیب-ەوە ئاوارەی شارۆچکەی سارماداى نزیک سنووری تورکیا بوون دۆزرانەوە. عەبدوڵلا موحەمەد لە لێدوانێکیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە زۆرێک لە منداڵان بەهۆی شەڕی ناوخۆی سووریاوە دووچاری ترس و تێکچوونی باری دەروونی بوون و گوتی: "کاتێک سەلوای کچم بچووک بوو بیرم لە ڕێگایەک کردەوە بۆ ئەوەی لە دەنگی بۆردومان نەترسێت. جەژنی قوربانی ڕابردوو کاتێک منداڵان یاری ئاگرینیان دەتەقاند، کچەکەم لە دەنگی یارییە ئاگرینییەکان ترسا و دەستی کرد بە گریان، منیش بردمە باڵکۆنەکە و منداڵەکانم نیشاندا کە یارییان دەکرد فێرم کرد کە پێویستە نەترسێت".

عەبدوڵلا باسی ئەوەش دەکات کاتێک چەند ڕۆژێک دوای جەژن فڕۆکە جەنگییەکان دەورووبەری شارۆچکەی سەراقیب-یان بۆردومانکردووە داوای لە کچەکەی کردووە کاتێک گوێی لە دەنگی مووشەکەکان بوو پێبکەنێت.

وێڕای سەرجەم گرفت و ناڕازەکانی شەڕ و ئاوارەیی ئەم باوکە میهرەبانە هیوای لەدەست نەداوە و ئاواتەخوازە کچەکەی ژیانێکی باشتر لە ژیانی خۆی بژی و گەورەترین ئاواتیشی ئەوەیە سەلوا بەشێوەیەکی باش بخوێنێت و ژیانێکی خۆشی هەبێت.

عەبدوڵلا محەمەد لە بارەی ئەو گرتە ڤیدیۆییەی خۆی و سەلوا کە لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە دەڵێت: کاتێک دەنگی تەقینی تۆپێک هات، پێموابوو تۆپی دووەمیشی بەدوادا دێت هەربۆیە کامێرای مۆبایلەکەم کردەوە و لەکاتێکدا تۆپی دووەم تەقی، سەلوا پێیوابوو ئەمە یاریە و دەستی کرد بە پێکەنین.

سەلوای تەمەن چوار ساڵیش لە بارەی ئەو یارییەی باوکی فێری کردووە دەڵێت: من لە دەنگی بۆردومان ناترسم. چونکە ئەوە یاریيە و کە گوێم لێی دەبێت پێدەکەنم.



سەرۆک بارزانی هەر گوتی و ئەوان نەیانبیست



سوورە مەرگەیی

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و رووخانی رژێمی بەعس زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیانوابوو سەرکردە و نەیارەکانی بەعس کەڵک لەو مێژووە تاڵە وەردەگرن و ژیانێکی شایستە بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق دروست دەکەن، بەڵام بەشێکی زۆر لەوانەی پێیان وابوو سەددام حوسێن دیکتاتۆر بووە و کورد و شیعەی چەوساندۆتەوە، هەمان ڕێچکە سەددام حوسێنیان بە دیوە شیعەگەریەکەدا گرتەبەر و دەستیان کرد بە چەوسانەوەی کورد و تۆڵە کردنەوە لە سوننە، سەرۆک بارزانی وەک شۆڕشگێڕێک و سیاسییەکی ئەزموونديدەی کورد یەکەم کەس بوو هەستی بەو نێتخراپییەی دەسەلاتی بەغدا کرد و لە زۆر بۆنە و لێدواندا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەو بارودۆخەی پڕ فەوزایەی ئێستای عێراق داوە.

سەرۆک بارزانی لە ساڵی (٢٠١٠)و ساڵانی دواتریش لە زۆر کۆبوونەوە و لێدوان و دیداری ڕۆژنامەوانی ئاماژەی بەو داڕووخانەی ئێستای عێراق داوە، سەرۆک بارزانی هۆشداری دا لەوەی عێراق بەرەو تاکڕەویی و دیکتاتۆری دەچێ و ئەوان نەیانبیست، دەسەلاتدارانی بەغدا بە شێوەیەک سەرمەستی پاوانکاری ببوون هۆشداریە یەک لە دوای یەکەکانی (سەرۆک بارزانی)یان نەدەبیست، سەرۆک بارزانی هۆشداری دا لەوەی پێشێلکردنی دەستوور عێراق بەرەو کارەسات دەبات، دەسەلاتدارانی بەغدا نەیانبیست و هێزی دەستووریان وەلانا و هەوڵیاندەدا بە دەستووری هێز عێراق بەڕێوە بەرن.

سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٢٤ـ٦ـ٢٠١٠ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی فرانس ٢٤ پێیگوتن: "ئێمە لەگەڵ ئەزموونی یەک حزب و یەک تایەفە و تاکە کەس ژیاوین و لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە عێراق بووە وڵاتێکی وێرانە، بۆیە ناکرێ سیاسەتێکی وا دووبارە بکەینەوە کە ئەزموون شکستهێنانی سەلماندووە" ئەوان نەیانبست و سوور بوون لەسەر دووبارە کردنەوەی دەسەلاتی یەک تایەفە و تاکە کەسی.

سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ١٩ـ١٢ـ٢٠١١ لە پەیامێکدا بە هەموو هێزە عێراقیەکانی گوت: "زۆر بە داخەوە ڕەوشەکە بەرەو تەنگژەبوونی توند دەچێت و شەراکەت لە حوکمدا لەبەردەم هەڕەشەدایە، بۆیە داوا لە هەموو هێز و لایەنەکان دەکەم هەنگاو بەرەو نیازپاکی و لێبووردەیی بنێن و چاو بە هەڵوێستە تونەدکاندا بخشێننەوە و، بۆ ئەو ڕێککەوتننامانە بگەڕێنەوە کە دەستپێشخەریەکەی پارسالمان لەسەر بنیات نابوو، لە سەرووی هەموویانەوە شەراکەت" ئەوان نەیانبیست و عێراقیان بەسەر میلیشیای حەشدی شەعبی گێڕا و هەر میلیشیایەش فەرمان لە کەسێک و لایەنێکی دەرەوەی عێراق وەردەگرێ.

سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٢٨ـ٣ـ٢٠١٢ لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەنالی ئەلشەرقییە پێیگوتن: "بارودۆخ گەیشتۆتە ئاقارێکی ترسناک و من داوام لە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کرد بە پەلە کۆببنەوە و بارودۆخەکە چارەسەر بکەن، چونکە هیچ کەسێک تەحەمولی ئەو بارودۆخە ناکات" ئەوان نەیانبیست و لەسەر ملهوڕی خۆیان بەردەوام بوون و کۆ نەبوونەوە.


لە ڕۆژی ٣ـ١٢ـ٢٠١٢ سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلزەمان پێیگوتن: "لە ساڵی (٢٠٠٨)وە تێبینی گۆڕانکاری نەوعیم لە هەڵوێستەکانی نوری مالیکی کرد، کاتێک ویستی سوپا لە خانەقین بەکاربهێنێت، لەو کاتەوە هەستم بەوە کرد عەقڵیەتێکی زۆر ترسناک خەریکە بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ دەبێت" ئەوان نەیانبیست و بەو عەقڵە ترسناکە کاریان کرد و عێراقیان خستە ناو گەورەترین گێژاو و مەترسی.

سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ١٨ـ٦ـ٢٠١٤ لە پەیامێکدا لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق پێیگوتن: "لەم ماوەیەدا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووین لەگەڵ زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بارەی ئەم ڕووداوانەی لەم دواییەدا بەسەر عێراقدا هاتن، زۆر کەس و لایەن شاهیدن کە لە میژە هۆشداریم دەدا کە بارودۆخی عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت بەهۆی سیاسەتی چەوت و تاکڕەوی ئەوانەی دەسەلاتیان لە بەغدا قۆرخ کردووە" ئەوان نەیانبیست و بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی چەوتی قۆرخکاری و عێرقیان هەڵداشت.

ئەوانەی باس کران لۆێچێک لە دەریایەکی ئەو ئامۆژگاری و هۆشداریانە بوون کە سەرۆک بارزانی لە ساڵی (٢٠١٠)و ساڵانی دواتریش بە دەسەلاتدارانی بەغدای داون و ئەوان نەیانبیستووە و کەڵکیان لێوەرنەگرتوون.

ئێستاش ئەگەر پەند وەرنەگرن و نەگەڕێنەوە بۆ هۆشداری و ئامۆژگاریەکانی سەرۆک بارزانی، ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەسەریان هاتووە، شایی و لۆغان دەبێ لەچاو ئەوەی لە داهاتوودا بەسەریان دێت.

ئەو گوتنانەی سەرۆک بارزانی و نەبیستنی دەسەلاتدارانی بەغدا بۆ هەندێ کەس و دەستە و گرووپی کوردیش ڕاستە، سەرۆک بارزانی زۆر جار بەوانیشی گوتووە: عێراق دابەش دەبێ و عێراقیبوون خواستەکانی کورد ناهێنێتەدی، ئەوانیش نایبیستن و بەرژەوەندی کەسی و حزبی لە عێراقیبوونداو دەبێن و سوورن لەسەر عێراقیبوون، بۆیە پێویستە ئەو کەس و دەستە و گرووپانەش دەستبەرداری نەبیستی سیاسی ببن و کەڵک لە گوتن و هۆشداریەکانی سەرۆک بارزانی وەربگرن، کوردبوون و کوردایەتی پێش عێراقیبوون و عێرقچێتی بخەن و بگەڕێنەوە و خۆیان لەو نەفرەتبارانەی مێژوو بە دوور بگرن کە عیراقیبوون بەسەریان دێنێ.



دەریا سدیق*

67 ساڵ خەبات و بەردەوامی

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە 18شوباتی 1953 لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی نەمر دامەزراوە وەکو ڕێکخراوێکی چالاک و کارا دەورێکی کاریگەری هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی لاوانی کورد لەو سەردەمەدا بۆ بە ئاگابوون لەو جموجۆڵە سیاسیانەی لەوکاتەدا ڕوویان دەدا و چەسپاندنی هەستی نەتەوایەتی لە خەیاڵ و بیر و هزری هەموو کوردێک، لە سەردەمی خەباتی چەکداریی دا یەکێتی لاوان شان بەشانی پێشمەرگە بەشداری لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردا کردووە لە ژێر سێبەری بارزانی نەمردا داکۆکیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە. لە مێژووی کورددا یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان شوێن و پێگەی خۆی هەیە لە هەموو قۆناغەکاندا ئامادەیی هەبووە بەشێکە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، مێژووی ئەو ڕێکخراوە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە لە سەردەمی بزاڤی ڕزگاریی خوازیی نەتەوەکەماندا بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر کار کردن لەو ڕێکخراوە پێشمەرگایەتی بووە.

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردی ساڵی 1991ز لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێتی لاوان دەستی کرد بە چالاکی ڕۆشنبیری، سیاسی، وەرزشی،.. یەکێتی لاوان بەو پێشینەی لە بزاڤی لاواندا هەیبوو توانی بێتە پێشەنگ بۆ خزمەت و داکۆکی کردنی لاوان کار لەسەر کێشە و داواکارییەکانی لاوان بکات و بەرگری لە دەستکەوتەکانی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بکات کاتێکیش لاوان داواکاری و خواستیان هەیە یەکێتی لاوان دەبێتە پرد نێوان لاوان و دەسەلات داکۆکی لەسەر داواکارییەکانیان دەکات.

دوای 67ساڵ لە دامەزراندنەوە وێستگەکانی خەباتی کارکردنی ئەم ڕێکخراوە بەردەوامە لە هۆشیاری نەتەوەیی، داکۆکی کردن لە لاوان، خزمەتی لاوان بێ جیاوازی ئایین، نەتەوە، دیدی سیاسی تا ئێستا بە پێشەنگی ماوەتەوە. ئەم ڕێکخراوە هەمیشە لەگەڵ سەردەمەکان خۆی گونجاندووە لەگەڵ واقعی سەردەمەکان بە بیری نوێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان هەنگاوی ناوە وابەستە و پەیوەستی سەردەمێکی دیاری کراو نەبووە لە هەموو قۆناغێکدا بردوی بەکارەکانی داوە ئێستا یەکێتی لاوان ئەندامی کارای یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانییە کار دەکات لە پێناو ناساندن و دۆزی کورد لە جیهاندا.

یەکێک لە بایەخ و سەروەرییەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ئێستا و ڕابردوودا وەکو قوتابخانەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی کوردایەتی بووە لە پێگەیاندنی سەرکردە و شۆرشگێڕ و سیاسەتمەدار و کادری پێشکەتوو سەردەرای پێگەیاندنی ژمارەیکی زۆر لە ڕاگەیاندنکار و وەرزشکار دوای ئەو هەموو ساڵەش جێ پەنجەی ئەوانە دیارە چ لەناو حزبەکان یاخود لەناو حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو ئەو ڕێکخراوەدا کاریان کردووە.

* کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی(ی.ل.د.ک)

مێژووی کۆنگرەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

محەمەد عومەر

کۆنگرەی یەکەم

لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1953لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی نەمر لە شاری کەرکوک بریاری دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی داوە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە 18ی شوباتی ساڵی 1953 یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی دامەزراندنی بەست، مام جەلال تالەبانی یەکەمین سکرتێری یەکێتی لاوان بووە.

کۆنگرەی دووەم

لە قوتابخانەی کاوێسی شارۆچکەی شەقلاوە لە ساڵی 1972دووەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوان بەستراوە موقەدەم عەزیز ئاکریی نوێنەری بارزانی نەمر بووە، ئەنوەر عەبدوڵلا بووە سکرێری لاوان.

کۆنگرەی سێیەم

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لاوان لە ڕۆژانی 4-26\4-1974\28لە هۆڵی گەلی شاری هەولێر بەستراوە عەبدوڵلا ئەتروشی بە نوێنەرایەتی بارزانی نەمر بەشداری کۆنگرەکەی کردووە وتاری پێشکەش کردووە یەدوڵلا کەریم بۆتە سکرتێری یەکێتی لاوان.

کۆنفڕاسی ئاب

لە (1986\30-28) کۆنفڕاسی (دەمج) کردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەسترا کە دواتر بە کۆنفڕاسی ئاب ناوی دەرکرد،لەو کۆنفڕاسەدا (ڕێبوار یەلدا) بووە سکرتێری یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان،دوای ئەوەی ڕێبوار یەلدا کرایە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی (عەبدوڵلا خەلیل) بوو بەسکرتێری یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان بە بریارێکی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە کۆبونەوەی لێژنەی ڕاپەراندن لە (1991\10\3-1) لە مەکتەبی سکراریەت لە شارۆچکەی (دیانا).

کۆنگرەی چوارەم

دوای کۆنفڕانسی ئابی (1986) کە کۆنفڕانسی یەکگرن بوو لە نیوان یەکێتی لاوانی دیموکرای کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردسان کە(یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردسان) ی لی بیکهات لە (1993_10_ 20_16) لە زیر دروشمی (زانست ئاشی ئاوەدانکردنەوە) کۆنکرەی ئازادی کە کۆنکرەی جوارەمی یەکیی لاوان بوو لە هۆڵی زەرد لە هەولیر بەسترا و لەو کۆنگرەدا هەردوو ڕێکخراو لێک جیا بوونەوە، ئیبراهیم مسەفا بووە بە سکرتێری لاوان ئەو کاتەش گژفاری پێشکەوتن بەر یەکێتی لاوان کەوت.

کۆنگرەی پێنجەم

لە ڕۆژی 29-4-1998لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بە ئامادەبوون و لە ژێر چاودێری سەرۆک بارزانی بە بەشداری 325ئەندامی کۆنگرە لە ژێر دروشمی (ئاشتی فیدرالی ژیانێکی بەختەوەر بۆ لاوانی کوردستان) کۆنگرە بەڕێ،ەچوو ئیبراهیم ئیسماعیل بووە سکرتێر.

کۆنگرەی شەشەم

لە ڕۆژانی 24و 25ی 3ی 2004شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری 350ئەندامی کۆنگرە بوڕێوەچوو بە کۆنگرەی بارزانی نەمر نازەد کرا نەجات باپیر بووە سکرتێری لاوان ،سکرتاریەی لاوان گۆڕا بۆ ئەنجومەنی کارگێڕی لاوان.

کۆنگرەی حەوتەم

لە ڕۆژی 22-6-2009لە هۆڵی سەعد عەبدوڵلای شاری هەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ،سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی (لاوی ئازاد بەدیهێنەری کۆمەڵگای مەدەنی دەسەلاتێکی دیموکراسیە) بەڕێوەچوو لە ژێر ناوی کۆنگرەی سەرکەوتن بە بەشداری 350ئەندام، لەو کۆنگرەدا، ئومێد خۆشناو بووە سکرتێری لاوان.

گۆڕانکارییەکانی 25ی مایسی 2015

بە هۆی دەرچوونی ئومێد خۆشناو بە ئەندام پارلەمان، بوونی بەسەرۆک فراکسیۆنی زەرد لە پارلەمانی کوردستان، دەستی لە سکرتێری کێشایەوە، شەڕی تیرۆرستانی داعشیش بەرۆکی کوردستانی گرتبوو بووە هۆی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرەی لاوان لە کاتی خۆیدا، بۆیە لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی لاوان لە -25 2025-5تەیمور تەیمور بووە سکرتێری لاوان.

کۆنگرەی هەشتەم

کۆنگرەی هەشتەمی لاوان لە ڕۆژانی 8و9ی ئابی 2018 لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلای شاری هەولێری بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی بەڕێوەچوو تێدا مەیسەر عبێد بووە سکرتێری لاوان.



یادی چلەی فەرماندەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (شێخ مەحموود باراوی)

شێخ مەحموود باراوی.. ڕێبواری ڕێی کورد‌ایەتی



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

شێخ مەحموود شێخ ئەحمەد باراوی، تێکۆشەرێکی سەربازی و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی ناسراوی دەڤەری شارباژێر و سلێمانییە، بەشداربووەکی چالاک و بەئەزموونی شۆڕشی ئەیلوول بووە، بەهۆی زرنگی و لێهاتوویی‌یەوە، پلەی سەرلقی لە شۆڕشدا پێ دەسپێردرێت. پیاوێکی بە هەڵوێست و کوردپەروەر و پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەر بووە و لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا نسکۆی شۆڕش، هاوڕێ و هەڤاڵی پێدەشت و چیا سەرکەشەکانی کوردستان بووە و هەمیشە دەستەملانێی تفەنگ بووە و لە سەنگەری بەرگریکردندا پێکەوە هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین داستانی قارەمانێتی کردووە و ڕۆڵی تێیدا هەبووە، بەتایبەتی لە داستانی سەر پردی (زەڵم)، کە لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەی قارەمان بۆسەیەکی مەحکەم بۆ (زەعیم سدیق) دادەنێن. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بووە، لەسەر هەڵوێستی کوردپەروەری دوورخراوەتەوە بۆ (رومادی)، مندااڵەکانی بە هەڵوێستی نەتەوەییانە گۆش و پەروەردە کردوون. دوو جاریش بە خزمەتی بارزانیی نەمر گەیشتووە و هەمیشە عاشقی خاک و نەتەوەکەی و ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە.. ئەم کەسایەتییە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بەرز نرخێندراوە، جگە لە لایەنی سەربازی و شۆڕشگێڕییەکەی، هەمیشە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبووە و جێی ڕێزی زۆر لە خەڵکی بووە. بەداخەوە چل ڕۆژ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد، هەر لەوکاتەدا زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان، بەداخ بوون بۆی و لە زۆر شوێندا بە نووسین و بابەت، هاوخەمی و دڵگرانیی خۆیان دەربڕیوە و باسیان لە ڕۆڵی ئەم تێکۆشەرە ماندوونەناسە کردووە، لێردا چەند نموونەیەک لەو نووسینانە دەخەینە ڕوو، کە دەربارەیەوە نووسراون.



سەلاح جەلال، نووسەر و ڕۆمانnووس، دهۆک: شێخ مەحموود باراوی، کەسایەتیی ڕۆژگارە ڕەشەکان بوو، پێناسەکردنی کەسێتییەکی ناوازە لەناو ئاپۆڕای ژیانێکی سەخت و پڕ لە کێشمەکێش، زۆر پرسیاری گرنگ دەوروژێنێ و تووشی سەرسامیمان دەکات لە فەزایەک، کە پڕ پڕە لە تەماع و گەندەڵی و بەرژەوەندیی تایبەتی، کە لەو نێوەندەدا کومەڵێک کەسایەتیی هەن، هەمیشە ڕۆحیان لەسەر لەپی دەستیان بووە و هەموو بەرژەوەندییەکانیان خستووەتە لاوە و نیشتمانپەروەرییان کردووەتە ئامانج، کە ئەم کۆمەڵە بە بەردی بناغەی شۆڕش و سەرکەوتنی نەتەوەیی دادەنرێن. یەکێک لەو کەسانە شێخ مەحمودی باراوییە، کە ژیان و ماڵ و سامانی کرد بە قوربانی نەتەوەکەی، هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە و لەو زەمەنە ڕەشەی ساڵانی پەنجاکاندا، دەستی بە خەبات کردووە، واتە بەر لە پێشمەرگایەتی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنی پارتییەوە کردووە و بە پۆلیسی کاری ڕێکخستنی بۆ پارتی کردووە. بەشداریی چالاکی و کۆبوونەوەکانی کردووە و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، لەگەڵ چەند پۆلیسی تردا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و هەتا دوا هەناسەی شۆڕش خەباتی کردووە، پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام ژیانی لە بۆتەی سیاسەت و کۆبوونەوە و چڕپە چڕپی ڕێکخستن و هەواڵی ڕۆژانەدا کردوویەتی بە کەسێکی ڕۆشنبیر و کادرێکی پێشکەوتوو و زیرەکی پارتی، هەر بۆیەش ئەو هەستە بەرزەی بۆ کوردایەتی هەبوو، خەباتکردنی بە دڵسۆزییەکی لە ڕادەبەدەر گەیاندی بە پلەی سەرلق.

لە بواری عەسکەری و سیاسیدا زۆر سەرکەوتوو بووە و خۆشەویستی جەماوەر و پێشمەرگە بووە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ببووە کەسێکی ئەفسناوی، ببووە چرای سیحریی، لەم کۆڵان و لەو ماڵ و لەو دوکان، بەسەر ئەندامان و دڵسۆزانی شۆڕشدا دەگەڕا و نامە و ڕاسپاردەی دەگەیاندە دوکان و بازاڕەکان. خۆشەویستیی ئەو بۆ ڕێبازی بارزانی و ئاڵای کوردستان بێ وێنە بوو.

ئەو خورپەیەی لە لاوێتییەوە بۆ کوردستان هەیبوو، هەر ئەو خورپەیە بوو، کە دوا سات لە جوانییەکانی کوردستان و خۆشەویستیی ئەو بۆ ڕێبازی بارزانی، بە خەندە خۆرسکەکەیەوە، دوا جار چاوەکانی لێک نا و لەدوای خۆیەوە شەرەفێکی گەورەی بەجێهێشت، کە کەسایەتییەکی گەورەی دەڤەری سلێمانی، بە هەشتا و شەش ساڵ تەمەنەوە، وەک مۆم بۆ خاک و نەتەوەکەی توایەوە.

هونەرمەندی ناسراو، حەمەڕەشید هەرس دهۆک: ڕازێک لە کۆچی ماڵئاوایی کوردێکی ڕەسەن (شێخ مەحموود باراوی)دا، ئەم پیاوە بۆیە گەورە بوو، چونکە کوردایەتی کردبووە ڕێچکەی هەموو ژیانی، ئەیتوانی ببێتە بازرگانێکی گەورە، ئەیتوانی ببێتە کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی و لە هەموو ڕێزێمەکان بچێتە پێشەوە و چەکدارێکی زۆر دژی نەتەوەکەی لە خۆی کۆ بکاتەوە، ببێتە خاوەن دەسەڵات. بەڵام ئەوانەی هەڵنەبژارد، هەر چاوی کردووەتەوە، چەکی مەردایەتی کردووەتە شانی و لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە، وەک پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەست، لەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر کوردستانی لە دوژمن پاک کردووەتەوە، کەسێکی سادە و ساکار و بێ فیز و قسە خۆش بوو. نموونەیەکی بێ ڕتووشی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەو شۆڕشەی بە تاپۆ و ساچمەزەن دەستی پێ کرد و هەبوونیان بۆ کورد لە قورگی نەبووندا دەرهێنا و شۆڕشیان گەیاندە ترۆپکی سەرکەوتن. ئەمان بە سکی برسییەوە هێرشیان بۆ دەبابەی دوژمن دەبرد. ئەمانە ئەو پاڵەوانانە بوون، هەرچی چەکی سۆڤێتی بوو ئەدرا بە قاسم و بەسەر ئەماندا دایدەباراند، بێ ئەوەی یەک میلم لە وردیان بێتە خوارەوە، شەو و ڕۆژ لە هەڵمەتدا بوون، بۆ گسکدانی دوژمن لە هەموو بستێکی کوردستاندا.

دواجار دهۆک: مامۆستا زانکۆ، سەبارەت بە شێخ مەحموود باراوی دەنووسێت: ئەو چاوەڕی من بوو، منیش چاوەڕێی ئەو. ئەو چاوەڕی من بوو، لەجیاتی باوکم لە ئامێزیم بگرێ. منیش چاوەڕێی ئەو بووم، نەهێنییە نەبیستراوەکانی باوکم لە ئەرشیفی شێخ مەحموود باراویدا، لەجیاتیی نەبوونی وێنەی باوکم، لای خۆم کۆپی بکەم.

شێخی باراوی نەخوێندەوار بوو، کەچی لە سیاسەتدا زۆر هوشیار بوو. ئەو پەرتووکە قەبەکانی سیاسەتی نەخوێندبوونەوە، دکتۆرای نەبوو. ئەندام پەرلەمان و ڕووسواوەکانی تەلەفزۆین نەبوو، کەچی پڕۆژەی سیاسیی ئەو زۆر زانستییانەتر بوو لە پڕۆژەی ئەو دکتۆر و ڕۆژنامەنووسانەی، دژی دەوڵەتی کوردی بوون.

شێخی باراوی مارکسی نەبوو، بەڵام بڕوای وابوو تا کۆمەڵگەی کوردی نەبێتە خاوەنی دەوڵەت، کرێکاری کورد دروست نابێ. ئەو نەخوێندەوار بوو، بڕوای وابوو دەوڵەت بەهای نیشتمان و نەتەوەیە، تاقە ئاواتی بوو دوا هەناسەی لە دەوڵەتی کوردیدا بدا.

پێشمەرگەیەکی جەربەزە و پڕ بڕوا بوو. قوتابیی خاڵەکانی بوو. بۆیە شەیدای ئازادیی کوردستان بوو. نازانم تەمەنی شێخی باراوی چەند بووە. دوو خاڵی ئەو، دوو مامی من، پێشمەرگەی شێخی نەمر بوون و لە شەڕی دەربەندی بازیان کوژران. دەکرێ ئەو قوتابیی قوتابخانەی کوردستانیبوونی خاڵەکانی بووبێ.

فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری (گوڵان) دهۆک: بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول شێخ مەحموود باراویم پێگەیشت. شێخ مەحموود باراوی یەکێک بوو لە پێشمەرگە و سەرلقە بۆیرەکانی شۆڕشی ئەیلوول و بەشداریکردنی لە داستانە قارەمانەکانی کوردستاندا، سەروەرییەکی گەورەیە بۆ خانەوادە و تەواوی خەڵکی کوردستان، لەدوای شۆڕشی ئەیلوولیشەوە، من و بنەماڵەکەمان لەنزیکەوە تێکەڵاویمان لەگەڵ جەنابی هەبوو، شاهێدی ئەوە دەدەین، کە یەکێک بووە لەو دڵسۆزانەی، کە بەردەوام داکۆکی لە ڕێبازی بارزانی کردووە و وەک کەسایەتییەکی دیاری شاری سلێمانیش کاریگەریی گەورەی لەسەر وەرە و بۆچوونی خەڵک بۆ ئەو ڕێبازە هەبووە، شێخ مەحموود لەگەڵ ئەوەی دوای ڕاپەڕین کەوتبووە تەمەنەوە، بەڵام بەردەوام شان بەشانی ئێمەی گەنج لەو سەردەمەدا یەکێک بووە لە کادرە چالاکەکانی ڕێکخستنەکانی پارتیمان لە سنووری ناوچەی سلێمانی، سەر بە لقی چوار. هەر بۆیە جارێکی دیکە بەم بۆنە دڵتەزێنەوە، سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی هەموو لایەک دەکەم و هیوادارم ئەمە دوا کۆست و ناخۆشیی بنەماڵە بەڕێزەکەیان بێت.

دکتۆر هۆگر مەحموود فەرەج، مامۆستای زانکۆ، دهۆک: شێخ مەحموود باراوی، هەمیشە پیاوێکی خۆڕاگر و بە وەرە و دڵسۆز بووە، لە کاتی خەباتی شاخدا هەر کاتێک پێشمەرگە بۆ چالاکییەک بڕۆشتبایە، ئەوا شێخ مەحموود هەمیشە لەپێشمانەوە دەڕۆیشت و هەرگیز ڕازی نەدەبوو کەس پێشی بکەوێت، هەرکات پێشمەرگە نیگەران بوایە، ئەم پیاوە بەردەوام قسەی بۆ دەکردین و وەرە و خۆڕاگیری فێر دەکردین. هیچ کات نەدەسڵەمییەوە لەو ئەرکەی پێی دەسپێردرا و ئازایانە بەجێی دەگەیاند.

ئەو لەسەرەتای شۆڕشەوە بەردەوام بوو لە کوردایەتی و هەڵوێستی نەتەوەییانەی هەبووە و لەخۆبردووانە تێکۆشاوە، تا ئەو کاتەیش، کە نەخۆشی و تەمەن ڕۆری بۆ هێنا و لەسەر جێگە کەوتبوو، پرسی نەتەوەکەی خەم و خولیای بوو.



ژیاننامەی فەرماندە (شێخ مەحموود باراوی)

پێشمەرگە و تێکۆشەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (مەحموود ئەحمەد محەمەد) ناسراو بە شێخ مەحموود باراوی، لە ساڵی 1933 لە گوندی بایەنەی بناری بەرکێتوی شارباژێڕ هاتووەتە دنیاوە. باوکی یەکێک بووە لە جەنگاوەرەکانی شێخ مەحمودی نەمر. هەر بۆیەشە بە هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی پەروەردە کراوە. لە ساڵی 1951لە یەکەی سەبازیی کەرکووک دەبێتە سەرباز، لە 1955دەبێتە (پۆلیسی سوارە) لە بنکەی پۆلیسی (خەلەکان)، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی (تەینال) و 1958لە ڕێگەی نائب زابت سەید عەلی باراوی، پەیوەندیی دەکات بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لە ساڵی 1961لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، لە بنکەی پۆلیسی پێنجوێن، وەک خەمخۆر و پەرۆشی کوردایەتی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بڕیاری چوونە ناو ڕیزەکانی شۆڕش دەدات و پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە لقی بەرزنجە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا وێڕای ئەوەی، کە ژیانی سەخت و ئازار و ناهەمواری و دەربەدەری دەچێژێت، پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمان و جەسوور و خۆڕاگر دەبێت و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە داستانە نەبەردییەکاندا و لە سۆنگەی بڕوابوون بە کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی و ڕێبازە پیرۆزەکەی، بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشان، تا دوای بەیانی 11ی ئادار‌ی 1970، پاشان بە فەرمانی شۆڕش دەگەڕێتەوە ڕیزی پۆلیس، بە پلەی (نائب زابت) لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، لەگەڵ شێخ ڕەزا گوڵانی تا ساڵی 1975، لەوێش بە دڵسۆزانە درێژە بە کارەکانی دەدات، لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخەکە، ئینجا پەیوەندی بە هێزی ئەزمڕی پێشمەرگەوە دەکاتەوە، لە لای مولازم محەمەد سەید عەلی حافز، دەکرێتە جێگری سەرلق، کە لیوا بەختیار بابان بووە. هەمان ساڵ دەکرێت بە (سەرلق) و دەگەڕێتەوە هێزی خەبات. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بووە، بەشداریی چەندین داستان و شەڕی دوژمنانی کردووە، وەک: پردی زەڵم، دانانی بۆسە بۆ زەعیم سدیق، بەشداریی چەند مەفرەزەی ناوشار دەکات، هەروەها بەشداریی شەڕی چیای ئەزمڕ و قوتەی مەحموود خان و شەڕی جادەی خەراجیان و شەڕی فەرەجئاوای کردووە. دواتر لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و بەشداریکردنی لە شۆڕشی کورددا، لە لایەن ڕژێمەوە دوور خراوەتەوە بۆ (رومادی) لە باشووری عێراق. پاشان بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیەوە، سەرقاڵی بژێوی ژیانی بووە و سەربەرزانە سەرقاڵی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بووە و لەپاڵ کارەکەیشیدا، خەریکی کاری سیاسی و کوردایەتی بووە، بەڵام هەر سوور بووە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی و پارتی و بارزانی و داکۆکیکارێکی سەرسەختیان بووە. دواجار، بەداخەوە ئەم کادر و پێشمەرگە دڵسۆز و ماندوونەناسەی ڕۆژگارە سەختەکانی خەبات، لە ڕۆژی 10/1/2020لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و گەیشتە کاروانی نەمران.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی سەلاحەدین ژمارەی پسوولە ٠٧٣٣٢٥٣ بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٥ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی شاخەوان عثمان علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی عینکاوە ژمارەی پسوولە ٠٦٢٣٨٠٥ بەرواری ٢٠١٨/٤/٨ بەبری ١,٠١٥٠٠٠ بەناوی ئاوات واحید خضر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٤٩٧٥٧ بەرواری ٢٠١٧/٥/٢ بەبری ١٥٠٠٠٠٠ بەناوی احمد محمد مصطفی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سرباز یوسف رمضان جۆری ئۆتۆمبێل: بارهەلگر جۆری مارسیدس براد مۆدێل: ٢٠٠٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٩٥٤٤ کاتی ژمارەی شاصی: WDP٩٧٠٠١٥١L٢٨٧٥٥٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
هۆبەی هونەری
ژمارە: ٣٠٣/٤١٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی یاسایی ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ کارپێکراو:

ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان ژمارە (٤٠٠/٦٥٥) لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٢ وە ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی نە خشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان ژمارە (٧٦) لەبەرواری ٢٠٢٠/١/٢٨ ئەنجومەنی شارەوانی ڕزگاری کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساڵدا بەبڕیاری ژمارە (٤٠) لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٢ هەڵدەسێت بە جیاکردنەوەی بە شێك لە مووڵکی ژمارە (٧/١٣٤٤٦) کەرتی (١٠٢) کلارکە ڕووبەری گشتی بریتی یە لە (٩٩م٢ , ١٣ اولك , ٢٥١٦ دۆنم) بۆ (٣) سێ بەش بە جۆرێك بەشی (١) یەکەم بەڕووبەری (٦٩,٨٤م٢ , ١٥ اولك , ٢٥١١ دۆنم) وەکوڕێگای گشتی بمێنێتەوە وە بەشی (٢) دووەم بەڕووبەری (٤١,٢م٢ , ٤ اولك , ٤ دۆنم) وەکو باڵەخانەی نیشتەجێ بوون بمێنێتەوە وە بەشی (٣) سێیەم بەڕووبەری (٨٧,٩٦ م٢ , ١٨ اولك , ٠ دۆنم) وەکوسەوزایی بمێنیتەوە , جا هەرکەس و لایەنیك هەر ڕەخنەوسکاڵایەکی هەیە با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری بکات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی باڵاوبوونەوەی ئەم بانگەوازەوە وە بە پێچەوانەوە لە پاش تێپەربوونی ئەو ماوەیە کاری یاسایی جێ بە جێ دەکرێت .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

ئاگاداری

دیوانی چاودێری دارایی بەنووسراویان ژمارە ١٦٦/١/٢ لە ٢٠٢٠/٢/٤ گشتاندنی کردووە بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگە و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان بە کردنەوەی نووسینگەی چاودێری دارایی لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەڵەبجە و بەپێی ژمارە و پسپۆری دیارکراو لەدوو خشتەو فۆرمی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە کە دەتوانرێت وەربگیرێت لەدام و دەزگاکانی خۆیان کە بەنووسراوی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە بۆیان نێردراوە. جا هەر فەرمانبەرێك کە نیشتەجێی ئەم دوو پارێزگایەیە و مەرج و پسپۆرییە داواکراوەکانی تێدا بەدی دەکرێ و ئارەزووی گواستنەوەی ڕاژەی هەیە بۆ ئەم دوو نووسینگەیە با (سیڤی) خۆی پێشکەش بەسەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی/ نووسینگەی سەرۆکی دیوان بکات یاخود بە(PDF) بۆ ئەم دوو ناونیشانەی خوارەوەی بنێرێن:

Kurdistansupremaudit@)
(gmail.com
(Bosa.kurdistan@gmail.com)

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١١٠/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠ /٢/١٨
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : ازاد طاهر عبدو
ل دیف داخوازا داواکارێ (نارین نعمان سعید) وکێشا ژمارە (١١٠/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا خەرجی بوری ژتە دکت بوخو وبو زاروکی خویێ ناکام (زوزان ازاد طاهر) دایك بووی (٢٠١٥/٨/٢٠) هەر ژ روژا (٢٠١٨/٨/٢٠) وداخوازا خەرجی بەردەوام بو خو وکچا خو ژتە دکت هەر ژ روژا (٢٠٢٠/٢/٦) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٥٤٥) ل (٢٠٢٠/٢/١٠) و نقیسارا هەلبژار تاخا (هوزان) ئەفجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت ڕوژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل روژا (٢٠٢٠/٢/٢٦) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکی و بەرفاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەسێت بە بەکرێدانی ڕوبەری (٥٠ / ١٢ / ٢) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (٨٣ / ٣) کەرتی (٤ قەرەبلاغ) بەمەبەستی دروستکردنی (کۆگای وشکە فرۆشی) بەزیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای باڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی //کرێی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد
بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
٢٠٢٠ / ٢ / ١٧

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (الاهلة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – گەرەکی خەبات).

پاکتاوکار/ شەمال عمر قادر ا

نانیشان/ هەولێر – گەرەکی خەبات

ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٣٠٣٣٦٦

ئیمیل/ shamalomer444@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٢٧١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٨

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (السلك الرصین) بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی/ سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی ا
ژمارە: ٢٦٩٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ڕاژە) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی و بیناسازی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (ڕاژە) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی و بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٢) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ایمان ولید اشرف) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٣

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی ا
ژمارە: ٢٧٧٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (الاهلة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (الاهلة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٠) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شەمال عمر قادر) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٦

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (راژە) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی و بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).

پاکتاوکار/ ایمان ولید اشرف ا

نانیشان/ هەولێر – ژووری پارێزەران

ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥١٠٥١٢

شركة أور الدولية للتامين
UR International Insurance Company

شركة أور الدولية للتامين (ش. م. خ)

حضرات السادة مساهمي شركة أور الدولية للتامين المحترمين

م/ إعلان إجتماع الهيئة العامة .

استنادا الى احكام المواد (86) و (87) و(88) من قانون الشركات الرقم 21 لسنة 1997 وتعديلاته وتنفيذا لقرارات مجلس الادارة .

يسرنا دعوتكم لحضور الاجتماع السنوي للهيئة العامة الذي سينعقد في مركز ادارة الشركة الكائن في شارع محطة ، حي زانياري في تمام الساعة الحادية عشر من قبل ظهر يوم الاثنين الموافق 2020/03/09 للنظر في جدول الاعمال الاتي :

1. مناقشة تقرير ادارة الشركة لعام 2019 والمصادقة عليه .
2. مناقشة تقرير مراقب الحسابات والمصادقة على الحسابات الختامية للشركة لعام 2019 .
3. القيام باجراء انتخابات مجلس إدارة الشركة .
4. تعيين مراقب لحسابات الشركة لعام 2020 و تحديد اجوره وفقا للتعليمات والمصادقة عليه .
5. إبراء ذمة رئيس وأعضاء مجلس إدارة الشركة و المدير المفوض لعام 2019 .

راجين حضوركم شخصيا في الزمان والمكان المعينين اعلاه او من ينوب عنكم من المساهمين بموجب صكوك الانابة التي يمكن الحصول عليها من ادارة الشركة. او الغير بموجب وكالة مصدقة من كاتب العدل مع ابراز شهادة الاسهم الاصلية بموجب المادة (91) و المادة (94) من قانون الشركات على ان تودع الانابات والوكالات لدى الشركة قبل ثلاثة ايام على الاقل من موعد الاجتماع.

مع جزيل الشكر و التقدير.....

عزالدين بحمد عبدالله
رئيس مجلس الادارة

Regulated by Iraqi Insurance Diwan, Ministry of Finance Baghdad-Iraq
Opposite Shanadar Park, Mehata Street, Zaniary Quarter- Erbil - Kurdistan Region- Iraq. Tel: +964 750 890 9007, +964 750 890 9008
P.O. Box: 0112-62-Arbil-Iraq Email: ur@uric.net Website: www.uric.net

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (البزاز فارما) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/سنووردار) بریاری گۆرینی (ناوی) کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (البزاز فارما) بۆ کۆمپانیای (میللەت) بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر-جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەک
ژمارە: ٥
ریکەوت ١٨ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگاداری

بەپێی ئەو داواییەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (بەرزان محمود قادر) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (لۆزان) بۆ دروست کردنی پێداویستی پلاستیکی کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بەڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەک لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ناوی ئامێر ژمارەی ئامێر دروست کراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی ا

١- هێڵی دروستکردنی بەرگی نایلۆن بۆ پێچانەوە ا ٩٨٠٤٠٥ ا ئێرانی ا ٢٠١٩ ا ٣٠ KW ا

٢- ئێکسترودەر بۆ دروستکردنی پەنجە بوتڵ (١ لتر _ ١ لترو نیو) نیەتی ئێرانی ٢٠١٨ ا ١٥٠ KW ا

٣- پرامە بۆ هارینی پارچە پلاستیک ا ١٠٣٤٣١٢٠١ ا ئێرانی ا ٢٠١٨ ا ٧,٥ KW ا

ئارام خلیل محمد
دادنووسی یەکەمی کەلار
٢٠٢٠ / ٢ / ١٨

* * *

ئاگەهداری

مالپەڕێ ئەنترنێتی بناڤێ (YAZIDI NEWS) دێ ڤەبیت ب هەرسێ زمانانا کوردی و عربی و انگلیزی خودانێ امتیازێ و سەرنڤیسەر (فارس مشکو فارس) هیڤیە هەر کەسێ تێبینیەك هەبیت پەیوەندی ب ڤێ ژمارێ بکەت (٠٧٥٠٤٩١١٢٨٧)

* * *

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٥/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/٥
ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٥٧٧٠/ش/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٩
جاردان
بۆ/ داواڵێکراو (تمارە باسم باقی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (عبدالله غسان علی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٧٧٠/ش/٢٠١٩/٦) تیایدا داوای (پەسندکردنی طلاق خارجی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی اشعاری مختاری (هەولێر – گەرەکی رزگاری) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٤/٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ مازن مظفر محمد

* * *

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ٣١١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٨
جاردان
بۆ داواڵێکراو (کثیر روستم المفتش)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (بلند ابراهیم عزیز) داوای ژمارە ٣١١/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردبوو دادگاش لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٣ بەشێوەی پاشملە حوکمی دەرکرد بە چۆڵکردنی خانووی ژمارە ٢/٣٦ کەرتی ٧٦ کونە گورگ وە رادەستکردنەوەی بە داواکاری ناوبراو بەبێ هیچ کەموکورتیەك و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت رابگەیێندرێت بەم بڕیارە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئێوەش مافی نارەزایی و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی دا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا

***

دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کشك) ب رووبەرێ ٩م٢ ل سەر پارچە زەڤی یا ژمارە (١/ ٣) کەرتی ٦٤ کەلەکچی بو ماوێ ٢ دوو سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٩
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٧٨١٣/هەولێر - کرێ) جۆری (تویوتا کرولا صالون) مۆدیل (٢٠١٠) ڕەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (معروف عبدالقادر حسن) لە رۆژی (٢٠٢٠/٣/٨) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٧/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٩
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢١٠٦٩٩/هەولێر – تایبەت) جۆری (فورد اکسبلور) مۆدیل (٢٠١٠) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (زیاد عثمان محمد) لە رۆژی (٢٠٢٠/٣/٨) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Logistics Officer**
Direct Supervisor	Logistics and Imports Supervisor
Department	Supply Chain
Job Location	Erbil – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: LO/SC/Feb/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Supports logistics operation under the supervision of Logistics and Imports Supervisor to ensure smooth delivery of goods and services to project sites. Liaises with concerned government entities to make sure that all required documentation and approval letters from MNR, MOF, MOI, QC and MOH are submitted and received. Liaises with transportation companies from the supplier's premises/ borders to site warehouses. Coordinates the process of development of new clearing agents, transport and logistics local vendors.
Reports to the Logistics and Imports Supervisor.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

Logistics Support
1. Supports movement of all outbound and received materials, equipment by all transport means (air, sea, and land) in a safe and efficient manner to support operations.
2. Coordinates with government customs authorities for smooth passage of the required necessary approvals of export and import issues.
3. Translates the full description and details for all imported and exported materials and equipment to Kurdish and Arabic as required for seeking import permissions in KRI.
4. Clears customs and releases materials within agreed SLA at all entry points in region.
5. Coordinates with the KM / Drilling warehouses to ensure safe and timely arrival of the shipments in order to report the status to stakeholders.
6. Reports all issues needing external support including Sharjah on critical logistics matters to his supervisor.
7. Identifies and brings to the attention of the Functional Supervisor/Supply Chain Manager and Director Business Services, any potential problems which could delay arrive of materials/ equipment and could have an adverse effect by the delay.
8. Participates in reviews/discussions with transporters.
9. Provides innovative methods of optimizing/reducing freight cost including secondary transportation.
10. Prepares timely reports to keep the Functional supervisor and Supply Chain Manager updated on logistics related activities.
11. Organizes, files and maintains hard and soft documents of duty approval letters, clearance documents.

Health Safety Environment & Quality Compliance
12. Ensures adherence to Company HSEQ policies and standards on all logistical activities.

Crescent Petroleum

Reporting and Communication
13. Reports to the Logistics/Imports Supervisor on all issues relating to logistics activities.
14. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvements of Position
15. Continuous up gradation of skills through trainings in logistics management and latest developments on custom rules.

Working and Other Reporting Relationships

Customs Border Representatives/ Agents -KRI	Frequent/daily
Supervisor for Logistics and Imports -Crescent KRI	Frequent/daily
Supply Chain and Logistics -Sharjah	As and when required

Supervisory Responsibility

N/A

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree / Diploma certification preferably in related discipline.

Minimum Professional Experience Required

Minimum (5) years' experience in Logistics/ Procurement in Kurdistan with a large-scale company preferably operating in Oil & Gas sector

Special Requirements and Conditions

Excellent interpersonal skills, works well with others, is courteous and understanding of other cultures.

Decision–making Authority

N/A

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good organizational and planning skills • Excellent communication skills in English, Arabic and Kurdish • Problem solving — identifying problems and reviewing related information to develop and evaluate options and implement solutions • Commitment to continuous learning • Time management	• Excellent team player • Strongly belief in ethical nosiness practices • An eye for details and thorough in completing work tasks • Ability to accept constructive criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Teamwork • Ability to demonstrate honesty and confidentiality	• Excellent grass root level knowledge in logistics management • Knowledge of Shipping procedures and Governmental regulations Excellent computer skills (MS Office Suite)

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **29 February 2020**:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is **Logistics Officer, Ref: LO/SC/Feb/20**)

www.xebat.net
پێنج شەمە 2020/2/20 ژمارە (5937)
خەبات

ڤان کوخ: گوێ بە تێپەڕبوونی دوو هەفتە لە تەمەنم نادەم بەرامبەر بەو تابلۆیە دانیشم،ئەگەر تەنیا کولیرەیەکم هەبێ پێی بژیم

کانیاو سالح

لەو ماوەیەدا موزەخانەی نیشتمانی لەلەندەن، پیشانگاییێکی تایبەتی بۆ تابلۆکانی نیگارکێشی ناسراوی فەرنسی (رامبرانت) کردەوە، بەتایبەت بۆ ئەو تابلۆیانەی (رامبرانت) لەکۆتاییەکانی ژیانی لەئەمستردام بەرهەمی هێناون، لەوانەش تابلۆی (بووکی جولەکە) یان وەک هەندێک بەتابلۆی (ئیسحاق و ریبیکا) ناوی دەبەن و رامبرانت 1665 کێشاویەتی، ناودارترین تابلۆی ئەو پیشانگایەیە، دەڵێن کانی خۆی کە ڤان کۆخ ئەم تابلۆیەی بینیووە گوتویەتی: گوێ بەتێپەڕبوونی دوو هەفتە لەتەمەنم نادەم، بەرامبەر بەو تابلۆیە دانیشم،ئەگەر تەنیا کولیرەیەکم هەبێ پێی بژیم.
گریگۆر- سەرۆکی بەشی هونەرە جوانەکانی موزەخانەی راجکیسمیوزم لەلەندەن گوتی : هەموو کەس ئەوە دەزانێت کە رامبرانت رابەری هونەری تابلۆی تاریکی و تیشکە لە تابلۆداو تا کۆتایی هاتنی تەمەنیشی دەستی لەو ستایلە هەڵنەگرتووە .



تابلۆی (پیلانەکانی کلۆدیۆس) تابلۆیەکی دیکەی ناوداری رامبرانتە کە لەو پیشانگایەدا نمایش کرا، نیگار کێش ساڵی 1661ئەم تابلۆیەی کێشاوە و بۆ یەکەمجارە لە بریتانیا نمایش دەکرێت .
بەڵام رامبرانت کێیە ، کە رەخنەگرانی بواری نیگارکێشی بەنیگارکێشی نێوان تاریکی و رووناکی ناوی دەبەن؟
نیگارکێشی ناسراوی هۆڵەندی رامبرانت-1606 1669یەکێکە لەگەورەترین بلیمەتەکانی هونەری نیگارکێشی لەجیهاندا و خاوەنی زۆرترین بەرهەمی شێوەکاریە کە خۆی لەنزیکەی 600تابلۆ دەدات، وەک رەخنەگرو شرۆڤەکارە جیهانیەکان دەڵێن: رامبرانت نزیکترین هونەرمەندێکە لەدڵی مرۆڤایەتی، چونکە زانیویەتی چۆن خەم و شادی خەڵکەکە بگوازێتەوە سەر تابلۆکانی، بۆیە ئەو شرۆڤانانە دەڵێن: تابلۆکانی رامبرانت قەسیدەیەکی وێنەکێشراوە.
زۆرینەی ژیانی لەشاری ئەمستردام بەسەر بردووە، لەسەرەتادا لەزانکۆی (لایون) فەلسەفەی خوێندووە، بەڵام دواتر وازی لێ هێناوەو بۆ ماوەی سێ ساڵان لەسەر دەستی نیگارکێشێکی هۆڵەندی خۆی فێری ئەکادیمییەتی وێنە کێشان کردووە .
وەک رەخنەگرەکان باسی لێوە دەکەن شاکارە هونەرییەکانی بەوە ناسراون کە هێزێکی گەورەی گوزارشت بەخشینیان تێدایە و شارەزاییەکی گەورەی هەبووە لەچۆنیەتی رەفتار کردن لەگەڵ رووناکی و سێبەرو دابەش کردنی لەسەر فەزاو روخساری تابلۆکانیدا، بەڵام لەمەشدا زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری نیگار کێشی گەورە (کارفاجیۆ و رۆبنز) بەڵام ئەو رووناکی و سێبەرەو هەڵڕشتنی رەنگەکانی بە شێوەیەکی رەها تر بەرجەستە کردووە، لەناوەرۆکی تابلۆکانیشیدا بایەخێکی زۆری بەبەها مرۆییەکانەوە داوە .
رامبرانت بۆنو بەرامێکی تایبەتمەندی خۆی پێوەیە، زۆرینەی بابەتەکانی بەستایلێکی شانۆیی دەربڕووە، قەتیس ئارەزووی ئەوەی نەکردووە کە وێنەکان بەشێوەیەکی وەک یەک تۆمار بکات، بەڵکو ئەو وێنەو کەرەستەکانی خۆی بەو ئاراستەیە بردووە کە خزمەتی ئامانج و چەمکی ئەو بکات لەو بەرجەستە بوونانەدا، ئەوەتا رەخنەگرەکان دەڵێن، کاتێ ویستوویەتی پۆرتەریتێکی خۆی بکێشێ، هەرگیز ئەوەندە بیری لە هێڵەکانی دەم و چاوی خۆی نەکردۆتەوە کە چۆن وا بکات لەخودی رامبرانت بچێت وەک هەیە، بەڵکو ویستوویەتی ناخی خۆی لەو روخسارەدا بەرجەستە بکات کە رەنگە بەرجەتە کردنی ناخیش لە چوارچێوەی روخساردا کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو بێت بۆ نیگارکێشە جیهانییەکان، بۆیە رامبرانت قەت وێنەیەکی خۆی نەکێشاوە ئەگەر لەو پۆرتەریتانەدا گوتارێکی گوزارشت بەخشی لەحاڵەتە مرۆییەکانی خۆیەوە پێ نەبووبێت، ئەویش وەک مرۆڤ بەهەندێ حاڵەتی دەروونی سەخت و دژواردا تێپەڕیوە بە تایبەت بەهۆی مردنی هاوسەرو کورەکەی ، ئەم حوزنەی رامبرانت لەو ڕەنگە خۆیان لە نەوەد لە سەر تابلۆکانیدا رەنگی داوەتەوە..
رامبرانت لەکارەکانیدا بایەخێکی زۆری بەپۆرترێت داوە، زێتر لەو نیگارانەی بەرجەستەی رووداوو دیمەنە ئەفسوناویەکانیان دەکرد، لەرەسم کردنی مۆدیلەکانیدا هەمیشە بەدوای دەم و چاودا دەگەڕا، بۆ ئەوەی تابلۆکانی خۆی پێ بکێشێ، لەم پێناوەشدا گەلێک شەکەت و ماندوو دەبوو، زۆر جاران شەوان بەدەم وێنە کێشانەوە چاوەکانی دەخستنە سەر یەک، هەمیشە بەدوای نهێنی نوێ دا دەگەڕا، پیشی وابوو نابێت نیگار کێش فڵچەو بۆیەکانی لەچاوەڕوانی دۆزینەوەی بابەتێکدا وشک کات، بەڵکو دەبێت هەمیشە ئەو فڵچەو بۆیانە لە کار دابن، بۆئەوەی هەمیشە زیندوو بن، بۆیە هەندێ کەڕەت کە کێشەی دۆزینەوەی مۆدێلاتی هەبووە لە ئاوێنەوە پۆرترێتی خۆی کێشاوە، بۆیە ئەگەر گەڕیانێک بە نێو بەرهەمە بەجێماوەکانی رامبرانت دا بکەیت، هەست بەوە دەکەیت کە لەو پۆرترێتە تایبەتیانەی خۆی زۆرە، کە رەنگە خۆیان لە نەوەد پۆرترێت بدەن .
زۆرلە شاکارەکانی رامبرانتی نیگارکێش لەموزەخانەی (ریکسموزیۆم) لە ئەمستردامی شاری رامبرانت پارێزراوە،لەوانە تابلۆی دایکم 1660گەڕیانێک لە شەودا 1662بەترۆسی پیرۆز 1660دەزگیرانە یەهودییەکە 1665بێجگە لەچەندین شاکاری دیکەی مەزن کە لە موزەخانەی لۆڤر لەپاریس پارێزراون، لەوانە (تونی و منی گچکەلانە، وێنەکەم، چاوی سامسون، گەڕانەوەی کوڕە ون بووەکە، خوانێکی ئێوارە لای ئامۆس، پاسەوانی شەو) و چەندینی تر ..
راستە کە پۆرترێتی جۆراو جۆری روخسارە جیاوازەکان پانتاییەکی زۆری لەهونەری رامبرانت دا داگیر کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا لایەنێکی دیکەی هونەری رامبرانت ژیانی رۆژانەی خەڵک و بابەتی میژوویی و دینی سروشتی بوونە .
لەژیانی زۆربەی هونەرمەندانیش خۆشەویستی سوچێکی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانەش رامبرانت کە سەربوردەیەکی قوڵی لەگەڵدا هەبووە و بۆتە هەوێنی داهێنان بۆ زۆر لەکارەکانی، چونکە خۆشەویستی رامبرانت لەگەڵ(ساسیکا)هەر تەنها پەیوەندییەکی سۆزداری نەبووە، بەڵکو خۆشەویستی لای ئەو مەوداییێکی فەلسەفی و دەروونی کاریگەری هەبووە بەسەر فڵچەو بۆیەو ژیانی تایبەتی رامبرانت ..بۆیە هەرگیز نەیتوانیووە لەساسیکا دوور کەوێتەوە و ناچاری ئەوە بووە کە ژیانی هاوسەرییەتی لە گەڵدا پێک بێنێ بەو هیوایەی ژیانێکی پڕ لەبەختەوەری لەگەڵ یەکدا بژ ئەو نەبوو، بەڵکو (بەیرەم تونسی) و (عەبدولڕەحمان خەمیسی) و دەیان ڕۆژنامەنووسی بەتوانای گرتەوە، پاشان بۆیان دەرکەوت هۆکاری دوورخستنەوەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جارێکیان مەحمود سەعدەنی (نوکتە)یەکی لەسەر ئەنوەر سادات گوتووە و نوکتەکە گەیشتۆتەوە خۆی...
پاش دوورخستنەوەی لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) نووسەر و ڕۆمانnووسی ناودار (ئیحسان عەبدولقدوس) داوای لێ دەکات لەگەڵیدا لە گۆڤاری (ڕۆز ئەلیوسف) دا کار بکات و ناونیشانی بەڕێوبەری نووسینی پێ دەبەخشێت.
ژیان و پیشەی ڕۆژنامەگەری وەک خۆی دەڵێت وا ئاسان نیە و ڕێگای ڕۆژنامەنووسان بە گوڵ نەچێندراوە، ئەوەتا لە چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (بەهۆی کاریکی ڕۆژنامەوانییەوە سەفەری سوریام کرد، ئەوکات ئامادەکاری بۆ یەکگرتنی (میسر و سوریا) دەکرا، لەوێ ئەندامانی حیزبی شیوعی سوریا نامەیەکیان پێ دام کە بیدەمە دەست سەرۆک جەمال عەبدولناسر، نامەکە هەڕشە ئامێز بوو، تیایدا نووسرابوو دەبێ میسر و دەسەڵاتدارانی هەموو ئەندامانی حیزبەکەمان لە میسر ئەوانەی دەست بەسەرن و لە بەندیخانەکانن ئازادیان بکەن، ئەگەر نا چارەنووسێکی ڕەش لە چاوەڕوانیاندایە.
مەحمود سەعدەنی دەڵێ: نەمدەزانی نامەکە چی تیا نوسرابوو، منیش نامەکەم دایە دەست ئەنوەر سادات، لە ئەنجامدا سادات بڕیاری گرتنی دام ((2دانە ساڵ لە بەندیخانەکانی قەلا و واحات و فەیوم ژیانێکی تاڵم بەسەر برد و گوایە من پشتگیری لە حیزبی شیوعی دەکەم، پاش ئەو دوو ساڵە ئازاد کرام و گەڕامەوە سەر کارەکەم لە (ڕۆز ئەلیوسف)، پاشان بە قوڵییەوە تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسەت دەبێت و دەچێتە ڕێزی ڕێکخستنەکانی (التلیعی)، ئەگەر ئەوکات محەمەد حەسەنێن هەیکەل باڵیۆزی سەرۆک عەبدولناسر بوو و بازنەی سیاسەتەکانی ناسڕی بە جیهان دەبەستەوە، مەحمود باڵیۆزی سەرۆک جەمال عەبدولناسر بوو لە ناوەوەی میسر، ناوداری و دەسەڵاتێکی گەورەی بۆ خۆی پێکهێنابوو بەتایبەتیش لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرا، بەڵام ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەنوەر سادات هەر دەهات گەورەتر دەبوو، وای لێهات بە بڕیاری سادات ئیشکردنی مەحمود سەعدەنی لەناو میسر قەدەغە کرا، ناچار بوو بۆ کار و نان پەیدا کردن ڕوو بکاتە بەیروت، دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە لوبنان هەڵگیرسا، ئەویشی جێهێشت و ڕووی کردە لیبیا و بە دیداری سەرهەنگ موعەمەر قەزافی شاد بوو، قەزافی داوای لێ کرد بگەڕێتەوە لوبنان لەوێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی بۆ دەردەکات، بەڵام ڕازی نەبوو هەر لەو قۆناغەی ژیانی کە لای کۆڕەکەی دەژیا و سەلوایەک بوو بۆ ئەو، کاتێ (تیتۆس)ی کوڕی ژیانی هاوسەرگیریی پێک هێنا، شەش مانگی نەبرد بە نەخۆشییەکی کتوپڕ گیانی سپارد، ئەم ڕووداوە بوو بە کارەساتێکی جەرگ بڕ بۆ ڕامبرانت ، کە وای لێ بکات زیاتر لە جاران دووچاری خەمۆکی بێتەوە.
بۆیە زۆری ئەو تابلۆیانەی ڕامبرانت لە نێوان تاریکی و ڕووناکی دا، هەردوو لایەنی خۆشی و ناخۆشییەکانی بەرجەستە دەکات .
وەک ڕەخنەگری هۆڵەندی رامینلۆ، لە کتێبەکەی دا (رامبرانت لەنێوان تاریکی و ڕووناکی دا) لەو هونەرەکەی رامبرانت دەدوێت دەڵێت: رامبرانت هەر تەنها خاوەنی ستایلێکی نوێ نیە لە دنیای نیگارکێشی جیهانی، بگرە ئەو توانیوویەتی زۆر لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژی بە دیدی خۆی لە تابلۆکانیدا هەڵبژێ، ئەو هەمیشە تاریکی بە بەشێک لە ژیان زانیووەو پێی وابووە تەنها ڕووناکی ئەو جوانیە نابەخشێ، ئەگەر ئاوێزانی تاریکی نەبێت، کە زۆربەی نهێنییە خامۆشەکانی تێدا شاردراوەتەوە، بۆیە رامبرانت هەمیشە سێبەر بەرووی دووەمی جوانیەکان دەبینێ و پیچی وایە تاریکی و سێبەر بینەر ڕادەگرن بۆ ئەوەی لە هێزی تاریکی بگەن و بزانن کە تاریکی جوانیی تایبەتی خۆی هەیە .
ئەوەتا ببینن کە چۆن رامبرانت لەو چل و شەش پۆرترێتە تایبەتیەی خۆی چ نرخێکی داوە بەتاریکی و ئەو ڕەنگە سێبەریەی تا چ ئاستێک پڕ کردووە لە هێمایێکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی.

چەند وێستگەیەک لە ژیانی گەورە نووسەری گاڵتەجاری میسری "مەحمود ئەلسەعدەنی"



بۆتان جەلال

سەرەڕای ئەوەی تاریکی ژیانمی تەنیبوو، هەژاری و نەداری لە زۆر ئاوات دووریان خستبوومەوە، خەم و ژان و تەنیایی، ئاستۆی دنیای ڕووناکیان لێڵ کردبووم، وەلێ هەمیشە خۆم سێبوری و سەلوای خۆمم دەدایەوە و هیوا و ئومێدم بۆ خۆم دەچاند... ئەمە کورتەیەک لە ژیانی گەورە نووسەری گاڵتەجاری عەرەب "مەحمود ئەلسەعدەنی"یە کە لە پێشەکی کتێبێکدا بەناوی (ڕۆژانێک لەگەڵ منداڵە لاسارەکە) لە نووسینی سامی کەمالەدین دەربارەی ژیانی مەحمود سەعدەنی نووسیویەتی، بڵاوکراوەتەوە.
ڕۆژنامەنووس و نووسەری گاڵتەجاری میسری مەحمود سەعدەنی لە ڕۆژی 28ی فێبرایەری ساڵی 1928لە (جیزە) چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، ڕۆژی 5/4/2010لە تەمەنی 82ساڵی کۆچی دوایی کرد، بە مردنی ئەم کەڵە نووسەرە، میسر و عەرەب و هەر هەمووی هەوادارانی ئەدەبی تافز، یەکێک لە ڕاگرە هەرە ناوادارەکانی تانزی گاڵتە و گەپ و گاڵتەجاری لە دەستدا.



لە کتێبەکدا لەسەر زای مەحمود سەعدەنی هاتووە: "من نووسەرێکی زۆر بە بەخت بووم کە سەرەتای ژیانی نووسەریم بە ئاشنایەتی کردن لەگەڵ چەندین نووسەر و میوزیکژەن و ڕووناکبیری گەورەی میسری دەستپێکردووە، سەرەتا (مائمون شناوی)م ناسی و لەوێوە فێری هونەری گاڵتەجاری بووم، نووسەرێکی زۆر بە توانا بوو، لە بواری گاڵتە گەپ دا نمونەی دەگمەن بوو، گەر هەڵێکی باشی بۆ بڕەخسابایە هیچی لە (ئۆسکار وایلد) کەمتر نەبوو، هەروەها توانیم لە نزیکەوە ببمە هاوڕێی (نەجیب ڕەیحانی) لە ڕۆژانی دواینەکانی تەمەنیدا داوای لێکردم ببمە ئەکتەر و بچمە ناو بواری نواندن لە شانۆ و تەلەفزیۆن و سینەمادا، ئەگەر پاش ئەو داواکردنەی چەند مانگێکی دیکە بژیابایە، ڕەنگبوو ئێستا ئەکتەرێکی ناوداری میسر دەبووم، پاشان (بەیرەم تونسی)ی شاعیر و (شێخ محەمەد ڕەفعت) و (شێخ زەکریا ئەحمەد)ی دەنگخۆش و (کامل شناوی)یم ناسین".
لە دریژەی تیشک خستنە سەر ژیانی خۆی لەو کتێبەدا، باس لە کار و ئیشەکانی لە فەرمانگە حکومییەکان دەکات و دەڵێت: سەرەتا بە 6جونیهە بووم بە فەرمانبەر، بەڵام زوو دەریانکردم، ڕووم کردە دنیای ڕۆژنامەگەری وەک ڕۆژنامەنووسێک لە چەند ڕۆژنامەیەکدا بە پارچە بەرامبەر بە چەند پارەیەکی کەم بابەتم بڵاو دەکردەوە و، دوای ئەوەی براوەرایەتیم لەگەڵ چەندانێک لەو ڕۆژنامەنووسانە پەیدا کرد کە لە شەقامی محەمەد عەلی لەچەند ڕۆژنامەیەکی ئەویدا کاریان دەکرد، بۆم دەرکەوت کاری ڕۆژنامەگەری ئەو خەونە گەورەیە نیە کە خەڵکی ئاواتی بۆ بخوازێت، فێڵبازی و دووڕوویی هەندێک لەو براوەرانەم وایان لێ کردم دووچاری بێ هوودەیی و ڕەشبینی بم، بۆیە زۆر بەجدی هەوڵی خۆکوشتنمدا، بەڵام پەشیمان بوومەوە.
سەعدەنی دەڵێت لە گۆڤاری (کەشکول) کە گەورە نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەئمون شناوی دەریدەکرد، کارم کردووە، زۆریش پیشەی ڕۆژنامەگەری لەو نووسەرە بلیمەتە فێر بووم، ئەویش دوای ماوەیەک لە کارکردنم لەوێ، گۆڤارەکە داخرا، پاشان بابەتم بۆ ڕۆژنامەی (المصری) دەنارد کە زمانحاڵی پارتی وەفد بوو، پاشان ڕووم کردە دەزگای (الهلال) لەوێ لەگەڵ کاریکاتێرستێکی براوەرم گۆڤارێکی تایبەت بە گاڵتە و گەپمان دەرچواند، بەهۆی ناکۆکیمان لەگەڵ پیاوانی سانسۆر، گۆڤارەکەیان لێ داخستین...
مەحمود سەعدەنی لە بواری سیاسەتدا چالاکانە کاری کردووە، پشتگیری لە شۆڕشی 23ی یۆلیۆ کرد و پاشان لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) دەستی بەکار کردووە، ئەوکات ئەو ڕۆژنامەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەرپەرشتیان دەکرد، کاتێک ئەنوەر سادات بووە سەرۆکی میسر بە بڕیارێک مەحمود سەعدەنی لەو ڕۆژنامەیە دوور خستەوە، بڕیارەکە هەر تەنیا بۆ ئەو نەبوو، بەڵکو (بەیرەم تونسی) و (عەبدولڕەحمان خەمیسی) و دەیان ڕۆژنامەنووسی بەتوانای گرتەوە، پاشان بۆیان دەرکەوت هۆکاری دوورخستنەوەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جارێکیان مەحمود سەعدەنی (نوکتە)یەکی لەسەر ئەنوەر سادات گوتووە و نوکتەکە گەیشتۆتەوە خۆی...
پاش دوورخستنەوەی لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە) نووسەر و ڕۆمانnووسی ناودار (ئیحسان عەبدولقدوس) داوای لێ دەکات لەگەڵیدا لە گۆڤاری (ڕۆز ئەلیوسف) دا کار بکات و ناونیشانی بەڕێوبەری نووسینی پێ دەبەخشێت.
ژیان و پیشەی ڕۆژنامەگەری وەک خۆی دەڵێت وا ئاسان نیە و ڕێگای ڕۆژنامەنووسان بە گوڵ نەچێندراوە، ئەوەتا لە چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (بەهۆی کاریکی ڕۆژنامەوانییەوە سەفەری سوریام کرد، ئەوکات ئامادەکاری بۆ یەکگرتنی (میسر و سوریا) دەکرا، لەوێ ئەندامانی حیزبی شیوعی سوریا نامەیەکیان پێ دام کە بیدەمە دەست سەرۆک جەمال عەبدولناسر، نامەکە هەڕەشە ئامێز بوو، تیایدا نووسرابوو دەبێ میسر و دەسەڵاتدارانی هەموو ئەندامانی حیزبەکەمان لە میسر ئەوانەی دەست بەسەرن و لە بەندیخانەکانن ئازادیان بکەن، ئەگەر نا چارەنووسێکی ڕەش لە چاوەڕوانیاندایە.
مەحمود سەعدەنی دەڵێ: نەمدەزانی نامەکە چی تیا نوسرابوو، منیش نامەکەم دایە دەست ئەنوەر سادات، لە ئەنجامدا سادات بڕیاری گرتنی دام ((2دانە ساڵ لە بەندیخانەکانی قەلا و واحات و فەیوم ژیانێکی تاڵم بەسەر برد و گوایە من پشتگیری لە حیزبی شیوعی دەکەم، پاش ئەو دوو ساڵە ئازاد کرام و گەڕامەوە سەر کارەکەم لە (ڕۆز ئەلیوسف)، پاشان بە قوڵییەوە تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسەت دەبێت و دەچێتە ڕێزی ڕێکخستنەکانی (التلیعی)، ئەگەر ئەوکات محەمەد حەسەنێن هەیکەل باڵیۆزی سەرۆک عەبدولناسر بوو و بازنەی سیاسەتەکانی ناسڕی بە جیهان دەبەستەوە، مەحمود باڵیۆزی سەرۆک جەمال عەبدولناسر بوو لە ناوەوەی میسر، ناوداری و دەسەڵاتێکی گەورەی بۆ خۆی پێکهێنابوو بەتایبەتیش لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرا، بەڵام ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەنوەر سادات هەر دەهات گەورەتر دەبوو، وای لێهات بە بڕیاری سادات ئیشکردنی مەحمود سەعدەنی لەناو میسر قەدەغە کرا، ناچار بوو بۆ کار و نان پەیدا کردن ڕوو بکاتە بەیروت، دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە لوبنان هەڵگیرسا، ئەویشی جێهێشت و ڕووی کردە لیبیا و بە دیداری سەرهەنگ موعەمەر قەزافی شاد بوو، قەزافی داوای لێ کرد بگەڕێتەوە لوبنان لەوێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی بۆ دەردەکات، بەڵام ڕازی نەبوو هەر لەو قۆناغەی ژیانی کە لای کۆڕەکەی دەژیا و سەلوایەک بوو بۆ ئەو، کاتێ (تیتۆس)ی کوڕی ژیانی هاوسەرگیریی پێک هێنا، شەش مانگی نەبرد بە نەخۆشییەکی کتوپڕ گیانی سپارد، ئەم ڕووداوە بوو بە کارەساتێکی جەرگ بڕ بۆ ڕامبرانت ، کە وای لێ بکات زیاتر لە جاران دووچاری خەمۆکی بێتەوە.
بۆیە زۆری ئەو تابلۆیانەی ڕامبرانت لە نێوان تاریکی و ڕووناکی دا، هەردوو لایەنی خۆشی و ناخۆشییەکانی بەرجەستە دەکات .
وەک ڕەخنەگری هۆڵەندی رامینلۆ، لە کتێبەکەی دا (رامبرانت لەنێوان تاریکی و ڕووناکی دا) لەو هونەرەکەی رامبرانت دەدوێت دەڵێت: رامبرانت هەر تەنها خاوەنی ستایلێکی نوێ نیە لە دنیای نیگارکێشی جیهانی، بگرە ئەو توانیوویەتی زۆر لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژی بە دیدی خۆی لە تابلۆکانیدا هەڵبژێ، ئەو هەمیشە تاریکی بە بەشێک لە ژیان زانیووەو پێی وابووە تەنها ڕووناکی ئەو جوانیە نابەخشێ، ئەگەر ئاوێزانی تاریکی نەبێت، کە زۆربەی نهێنییە خامۆشەکانی تێدا شاردراوەتەوە، بۆیە رامبرانت هەمیشە سێبەر بەرووی دووەمی جوانیەکان دەبینێ و پیچی وایە تاریکی و سێبەر بینەر ڕادەگرن بۆ ئەوەی لە هێزی تاریکی بگەن و بزانن کە تاریکی جوانیی تایبەتی خۆی هەیە .
ئەوەتا ببینن کە چۆن رامبرانت لەو چل و شەش پۆرترێتە تایبەتیەی خۆی چ نرخێکی داوە بەتاریکی و ئەو ڕەنگە سێبەریەی تا چ ئاستێک پڕ کردووە لە هێمایێکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی.
بگەڕێتەوە لوبنان، پاشان لە ڕۆژنامەی (الفجر)ی ئیماراتی دەستی بەکاری ڕۆژنامەگەری کردەوە، ئەمجارەیان ڕووی کردە کوێت لە ڕۆژنامەی (السیاسە الکویتیە) دریژەی بە پێشکەشکردنی بیر و بۆچوونە سیاسی و ئەدەبییەکانی دا، لەوێوە ڕووی کردە ئیراق، پاشان بەرەو لەندەن خۆی پێچایەوە و لەوێ گۆڤارێکی بەناوی (23یۆلیۆ) دەرچواند کە ناودارییەکی یەکجار گەورەی بەدەست هێنا.
پاش تیرۆر کردنی ئەنوەر سادات سەرۆکی ئەوکاتی میسر، دوژمنە سەرسەختەکەی، لە ساڵی 1981مەحمود ئەلسەعدەنی گەڕایەوە خاکی نیشتمانەکەی و سەرۆک حوسنی موبارەک سەرۆکی نوێی میسر، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد و داوای لێ کرد لاپەڕەیەکی تازە هەڵبداتەوە.
گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گاڵتەجارییەی کە نەک تەنها خاوەن زمانێکی تیژ و هار بوو، بەڵکو مێشکێکی گەورە و توانایەکی ڕادەبەدەریشی لە نووسین و سیاسەت هەبوو، ناسراوترین کتێبەکانی (مژکرات السعدنی) و (الولد الشقی) و (الموکوس فی بلد فلوس) و (رحلات ابن عتوتە) و (قهوە کتکوت) و (حمار من الشرق) و (مسافر بلا متاع) چەندین بەرهەمی دیکە لە چیرۆک و سیناریۆی سینەمایی.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/20 ژمارە (5937)
خەبات

کتێبی ژانرە ئەدەبییەکان

کتێبی ژانرە ئەدەبییەکانی سمکۆ محەمەد کە بریتییە لە 104لاپەڕە و بە قەبارە مام ناوەندی لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندووە کەوتە بەردەستی خوێنەران. نووسەر لەم کتێبەیدا باس لەو چەمکانە دەکات کە پەیوەندی بە ئەدەب و فکردوە هەیە و لە سالانی هەشتاکانەوە هاتوونە نێو دونیای ئەدەبی کوردی، بەڵام وەکو نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی (بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکانە دروستکراوی ئێمە نین و کارمان پێیان نەکردووە وەکو بەشێک لە شۆڕشی فەرهەنگی، بۆیە بەهەڵە کاریان پێکراوە و بەهەڵە لەنێو تۆڕینەوەی ئەدەبیدا کاریان پێکراوە، بۆیە منیش جارێکی تر بەپێی ئەو لۆژیکەی کە نوێخوازی بە گرینگی دەزانێ جارێکی تر پێناسە و شیکردنەوەم بۆ کردووە، یان باشتر بڵێم لەسەریانم نووسیوە).

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ "قسەکردن لەسەر دەقی دەربار و دەقنووسی کورد، وەکو جۆرێک لە تابۆ دیاریکراوە و بووتە هێڵی سوور، ئەوەش کە جار بەجار رچەشکێنی کردووە و لەسەر شاعیری دەربار شتی نووسیووە، هێندەی لەژێر کاریگەری سیاسەت و ئیدیۆلۆژی بووە، یان سەرچاوەکەی لە کۆنە قینەوە بووە، هێندە مەبەستی خزمەتکردن نەبووە بە ئەدەبیات و دەرهاویشتەکانی دیکەی، ئەمە لەحاڵێکدا شاعیری دەربار لە دەرەوەی دونیای ئەدەبی کوردی، مێژوویەکی هەیە و لەوانەش نمونەی بەشێک لە شاعیرەکانمان هێناوەتەوە".

هەرودها کە باس لەو چەمکانە دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "بەشێکی دیکەی ئەو چەمک و دەستەواژانەی کە لە دونیای فکری ئەدەبیدا بەکاردێت، لێرەدا تیشکمان خستۆتە سەری، لەوانەش (دەق و دانەر و ستۆری و دەقاویزان و دەقی فۆرمالیستی و هایکۆیی و دەقی سایکۆلۆژی و تیۆرە ئەدەبییەکان، مەبەستەکەش ئەوەیە کە هەریەک لەو چەمکە فکریانە لەفۆرمی دەقەکانیدا بەکارهاتووە، بەڵام پێناسە نەکراوە تاکو خوێنەر بتوانێ پۆلێنیان بکات و مەعریفەیەکی لەبارەوە بزانێ.

ئەخلاقیاتی خوێندنەوە، یەکێک لەو وتارانەیە کە قسەی زۆری لەسەر کراوە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی بەناوی خوێندنەوەی دەقەوە، بە ستایلێکی کلاسیکیانە مامەڵە لەتەک دەقدا دەکات، بۆ نمونە ئێستاش هەندێ خوێنەر هەن کە هێندەی باس لە دەقنووس و ژیانی تایبەتی و مەبەستگەرایی دەنووسن، هێندە باس لە جەوهەری دەقەکە و تەکنیک و نوسین ناکەن، لە حاڵێکدا ئەم ستایلە لە دونیادا نەماوە و ناخوێنرێتەوە، تا ئەو رادەیەی وەکو کۆمیدیایەک تەماشا دەکرێت".

لەکۆتاییدا دەبێ باس لەوە بکەین کە نووسەر سمکۆ محەمەد ئەمە 18هەمین کتێبیەتی و 3کتێبی دیکەی لە بارەی سیاسەت و رەخنەی ئەدەبی و چاپوپێکەوتنەکانی لەژێر چاپدان و لە ماوەیەکی کورتدا دەکەونە بەردەستی خوێنەران.



محەمەد ڕەسوڵ نیا: "منداڵان نەمامی باخی ژیانن ئێمە باخەوانی ئەو باخەین"

دیمانە: ڕێستەم خامۆش

ئەدەبیاتی منداڵان، پڕە لە پاکیی و جوانیی و خۆشەویستی، بۆ زیاتر گرنگیدان بەم ئەدەبیاتە و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکانی ئەم بوارە، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ "م. محەمەد ڕەسوڵ نیا" ساز بدەین.

– محەمەد ڕەسوڵ نیا لە 24/5/1965لە گوندی (تیکانتەپە) ی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە.

– قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە.

– قۆناغی ئامادەیی لە شاری بۆکان تەواو کردووە.

– لیسانسی لە ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی پەیامی نوور لە شاری سەقز وەرگرتووە.

– سی ساڵە مامۆستایە لە قوتابخانەکانی شاری بۆکان.

– تا ئێستا 8کتێبی بۆ منداڵان چاپکردووەو 10کتێبی دیکەشی ئامادەن بۆ چاپ.

– ئێستا لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان سەرقاڵی خوێندنەوەو نووسینە.

– لە شاری بۆکان نیشتەجێیە.

*** چۆنبوو هۆگر و ئاشنابووی بە دونیای پاک و ئەشقەنگی منداڵان، یان پێش ئەوەی بۆ زارۆکان بنووسی، خوێندنەوەت هەبوو بۆ ئەدەبیاتی منداڵان؟**

– بە دوو هۆ من خۆم لە دنیای پاک و بێگەردی منداڵاندا دیبووە یەکەم، منداڵم زۆر خۆشدەوێ و زۆر هۆگری منداڵم، ئەم هۆگری و خۆشەویستییە، ئەو هەستەی لە منداڵ بەدیهێناو، ئەو متمانەی پێدام ،کە دەتوانم لەو بوارەدا کار بکەم.

دووهەم، ئەمن مامۆستای قوتابخانەم، بە پێی هەلسEکەوت لە گەڵ قوتابییەکانم هەستم بە لاوازیی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد دەکرد؛ خۆشەویستیی من بۆ زمانی دایک و منداڵانی نەتەوەکەم، هانی دام لەو بوارەدا کار بکەم، بەڵکوو بتوانم کەلێنێک لەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە.

*** ئەو شیعرانەی، کە بۆ منداڵانت نووسیون، ناوەڕۆکەکانیان زیاتر چ بابەتێکن، یان چ پەیامێکیان لە خۆگرتووە، یاخود چیت بە گرنگ زانیوە، کە بۆ منداڵانی بنووسی؟**

– من زۆرتر گرینگیم بەوە داوە، کە شێعرەکانم بەر لە هەموو شت ،ڕۆحی منداڵانەی تێدا بێت، واتە ئاوێنەی پاک و بێگەردی دنیای جوانی و ناسکیی منداڵ بێت.

هەروەها لە شێعرەکانمدا ڕیتم و جوانکاریی ئەدەبی وەکوو تێکراری وشە و پیت زۆر بەرچاوە؛ چونکە منداڵ تێکرار و ڕیتم و مۆسیقی زۆر پێخۆشە. لە باری ناوەڕۆکیشەوە، تا ئەو جێیەی توانیومە لە ویست و داخوازیی گەورەسالان و ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ دوورم کردووە و پەیامم ناڕاستەوخۆ گەیاندوە. ئەلبەت ئەو شێعرانەی بۆ تەمەنی ئەلفم نووسیوە زۆر بە پەیام و ناوەرۆکەوە نەبەستراوەتەوە و زیاتر ڕیتم و مۆسیقی و هەست و ویستی دنیای منالانەی تێدا بووە و 4کتێبی چیرۆکی وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە بە ناوەکانی (ئەلیزا، پینەچی و پەریەکان، پشیلەی چەکمە لەپێ و بێچووە مراویی ناحەز) چاپ کراون.

*** تا ئێستا چەند کتێبت بۆ منداڵان چاپ کردووە، دەکرێ ئاماژە بە ناوەکانیان بکەیت، بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز پێی ناشنابن؟**

– تا ئێستا .کتێبی شێعرم نووسیوە و .کتێبی چیرۆکم لە ئینگلیزی و فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە کۆی ئەم هەژدە کتێبە 4 کتێبی شێعرم بە ناوەکانی: (میوانی ئەستێرەکان، دنیای منداڵان، هەقڵ و مەقڵ و هەڵووچەی خرکەخرکە) چاپ کراون.



*** ئەگەر ئێمە پرسیارمان نەکردبێ و تۆ پێت خۆشبێ بیڵێی، چیتر بە پێویست و گرنگ دەزانی دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان، یان دەتەوێ ئاماژەی پێبکەیت؟**

– پێمخۆشە ئاماژە بە دوو شت بکەم؛ یەکەم ئەرکی نووسەرانی منداڵان چییە و دەبێ چ بکەین بۆ گەیشتن بە ئەدەبیاتێکی سەرکەوتوو ؟

"منداڵان خونچەن ئێمە بەرپرسین لە پشکوتنی ئەواندا." دەبێ کەمتەرخەم نەبین. ئەدەبیاتی سەرکەوتووی گەلانی تر بخوێنینەوە. لە بواری ئەدەبی و پەروەردە و دەروونناسیی ئاستی زانیاریان ببەینە سەرێ. چاو لێکەری نەکەین. زۆر بە هۆی ئەوەی زۆربەیان خوێندنەوە و نووسینی کوردی نازانن پێشوازی گەرم و گوڕ لەم گۆڤارانە ناکەن؛ بە داخەوە زۆر جار بە هۆی گیر و گرفتی مالیی تا سەر نامێنن و دادەخرێن. ئەمەش خەساریکی گەورەیە.

*** بە دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی تۆ، ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، لە چ ئاستێکدایە و چۆنی دەبینی، یان بەرارود بە ئەدەبیاتی منداڵانی گەلان و وڵاتانی دیکە، چۆنە؟**

– دیارە سەرچاوەی نووسین بۆ منداڵانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ "نەوبەهارا بچووکا"ی ئەحمەدی خانی و پاشان پیرەمێرد و قانع و گۆران و بێکەس و هەژار و ...هتد. ئاوڕێکیان لە منداڵان داوەتەوە و پاش ئەوانیش زۆرکەس کاریان کردووە، ئێستاش بە خۆشییەوە کەسانێک هەن لەو بوارەدا کار دەکەن ،بەڵام هێشتا کەم و کووڕیی زۆرە و کاری زۆری دەوێ تاکوو بگاتە ئاستێکی زۆر باش.

ئەدەبیاتێکی باش دەبێ پشتیوانێکی باشی لە پشت بێت، ئێمە ڕێکخراوەی ئەدەبیاتی منالانمان نییە؛ ڕێکخراوەی نووسەرانی ئەدەبیاتی منالانمان نییە؛ شۆرای کتێبمان نییە ،ئەمانە زۆر گرینگن بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی ئەدەبیاتی منالان.

***وەکو دەزانین هەر سێ بواری ئەدەب و پەروەردە و دەروونناسیی، لێک نزیکن و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا زۆرە و کەستێک بۆ منداڵان بنووسێ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە هەر سێ بوارەکەدا هەبێت، بەڕای تۆ شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد، هەوڵیان داوە بە وردی خۆیان شارەزای هەر سێ بوارەکە بکەن؟ وەکوو پێویست هەست بە بەرپرسارێتی دەکەن؟**

– من لام وایە ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێ دڵخۆشە بەوەی خزمەت بە ئەدەبیاتی منداڵ دەکات، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموو شاعیران و نووسەران بە وردی لە بواری ئەدەبی و پەروەردە و دەروونناسییەوە شارەزان. نووسراوە و کتێبی وا هەیە کەمتەرخەمی نووسەرەکەی پێوە دیاری دەکات، بە داخەوە شۆێنێکی واشمان نییە لێکۆڵینەوە لە سەر نووسراوە و کتێبەکان بکات؛ تاکوو نووسەر لە کەم و کووڕیی و لاڕێ بوونی خۆی ئاگادار بێ و بەخۆدا بێتەوە و بەرپرسانەتر بنووسێ.

*** ئەگەر ئێمە پرسیارمان نەکردبێ و تۆ پێت خۆشبێ بیڵێی، چیتر بە پێویست و گرنگ دەزانی دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان، یان دەتەوێ ئاماژەی پێبکەیت؟**

– پێمخۆشە ئاماژە بە دوو شت بکەم؛ یەکەم ئەرکی نووسەرانی منداڵان چییە و دەبێ چ بکەین بۆ گەیشتن بە ئەدەبیاتێکی سەرکەوتوو ؟

"منداڵان خونچەن ئێمە بەرپرسین لە پشکوتنی ئەواندا." دەبێ کەمتەرخەم نەبین. ئەدەبیاتی سەرکەوتووی گەلانی تر بخوێنینەوە. لە بواری ئەدەبی و پەروەردە و دەروونناسییەوە ئاستی زانیاریان ببەینە سەرێ. چاو لێکەری نەکەین. زۆر بە پارێزەوە بنووسین؛ بزانین بۆ کێ دەنووسین؛ چی دەنووسین؛ چۆن دەنووسین. منداڵانی ئەمڕۆ جوان بناسین؛ منداڵانە بیر بکەینەوە و منداڵانە بنووسین. مامۆستا هەژار دەفەرمێ:

گەر لە گەڵ منداڵە هەڵسوکەوتی تۆ

بـا مـنـالانـەش بێ گـفت و لفتی تۆ.

دووهەم، شاعیر یان نووسەر چۆن دەتوانێ کتێبێکی باش و بێ هەڵە و پەڵە بۆ منالان بنووسێ و بیداتە دەرێ؟

مامۆستا هێمن دەفەرمێ: "با لە نووسین بە پەڵە نەبین، کەم بنووسین و باش بنووسین. هەر چی نووسیمان بە جارێک و دوو جار لە کۆڵی نەبینەوە. چەن جـاری دەست تێوەردەین. لە پێش ئەوەی نووسراوەکەمان بۆ چاپ بنێرین، پێمان شوورەیی نەبێ بـە چـەن کـەسی لێزان و پسپۆڕی نیشان بدەین. ڕەخنە و تێبینی دۆستانەی ئەوان قبوڵ بکەین. خۆ پەرست و بە فیز و بەرچاو تەنگ نەبین. لە خەڵک فێر بین بۆ خەڵک بنووسین.

من لە میژە غوروری ئەدەبیم لە خۆمدا کوشتووە و هیچ بە ئاک و عەیبی نازانم یارمەتی فکری لـە ئـاوڵ و دۆسـتـانی خۆم وەربـگـرم، هـەمـیـشـە شێـعـر و نووسینەکانم بە دۆستانی لێزانم نیشان دەدەم و ڕەخنە و تێبینی بە جێ، بـەو پـەڕی سپاسەوە قەبوڵ دەکەم."

بـە ڕای من ئـەمـە بـاشـتـرین پێشنیارە بۆ ئەوەی کە کتێبێکی جوان و بـاش و بەکـەڵک و بێ هەڵە و پـەڵـە، وەکـوو دیـاریـی بدەینە دەرێ بۆ منداڵان.

گوێ لە نازیەکان بگرن. ڕۆژی 4 ی مایس نووسی (هەندێکجار لەبیردەکەم. ئەوە منم بە هاوڵی هاوڕێکانم دانیشتووم، پێدەکەنم و گاڵتە دەکەم، بەڵام لەپڕ، وەک ئەوەی پەشۆکاوانە لە خەو هەڵسابم، لە پشتەوەی گفتوگۆیە ئارامەکە هەست بە دەنگێکی ترسێنەری بێدەنگی دەکەم بۆیە پێکەنینی سەر لێوەکانم دەبڕێ). دواتر دریژەی پێدەدات: (ئەوسا لە قسەکردن دەوەستم، چونکە لەو کاتەی ملیۆنەها کەس لەو بونەوەرانەی لە ژێر قامچی هاوارەکەن و ئازار دەچێژن، قسەکردن جگە لە ئابڕۆچون و تەریقبونەوە هیچی دیکە نییە. وا ئێستا من بیر لە شاعیرێک دەکەمەوە لە ڤییەتنا، دەزانم لە یەکێک لە ئۆردوگاکان دەستبەسەرکراوە. وا ئەوە منم هەوڵدەدم تا وێنەی ڕووەکان و ڕوخساری هاوڕێیەکان بێنمەوە بەرچاوم کە ئێستا لە زیندانی گەورە و فراوانی ژێر هەژموونی ئەڵمانی بەندکراون، بەڵام چاک دەزانم ئەوەی من دەیکەم تەنیا خەیاڵە، چونکە حەقیقەت لە هەموو ئەوانە تاڵترە).

سەرچاوە:
www.alarab.co.uk
21/1/2020

نووسەرێک لە بەرەنگاربوونەوەی زیانەکانی زانست، بەرگری لە مرۆڤ کرد



نووسینی/ حەسونە موسباحی
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

زۆر نووسەر و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی، دژی هەردوو جەنگە کاولکەرەکانی یەکەم و دووەم وەستان، جەنگەکان هەندێکیانی لەناوبرد. هەندێکشیانی ئاوارەکرد، لەناویاندا ستیفان زڤایگی نەمسایی کە شۆێنەوارە مادی و دەروونیەکانی جەنگە کاولکەرەکان، ناچاربانکرد خۆی بکوژێ، بەڵام میراتێکی ئەدەبی گرنگی جێهێشت، لەناویشیاندا وتارەکانی تا ئاستێک بە نەناسراوی مانەوە.

دەزانین ستیفان زڤایگ 1881ژ 1942 ی نەمسایی، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسبوو، لە جۆرێکی نایاب، زۆر لەو کارانەی کە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون، لەناویشیاندا زمانی عەرەبی، گەواهی ئەوە دەدەن. هێشتاش کارەکانی وەک (یاریزانی شەترەنج) و (بیست و چوار کاتژمێر لە ژیانی ئافرەت) و (ئامۆک) لەلایەن خوێنەران خواستی زۆریان لەسەرە.

هەروەها زڤایگ ژیاننامەی هەندێک لە ناودارانی بواڕەکانی سیاسی و ئەدەبی و فەلسەفی و بواری دیکەی نووسیوە، لەوانە ماری ئەنتوانێت، نێتشە، ماجەلان، تۆلستۆی، دۆستۆیفسکی، مۆنتانی، فرلین... بەر لە خۆکوشتنیشی لە بەرازیل، بە ئامادەبوونی هاوسەرە گەنجەکەی لە ڕۆژی 22ی مانگی شوباتی ساڵی 1942دوا کتێبی بەناوی (جیهانی دوێنێ) بڵاوکردەوە کە تێیدا بۆ مردنی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و هەنگاریا و کۆژانەوەی ئەستێرەی ڤییەننا لاوانەوەی کردووە. کە لەو دە ساڵەی دوایی ئەوسا، قاوەخانە و یانەکانی ئەو شارە زۆر لە بەهرەمەندەکانی بۆوارەکانی ئەدەب و فەلسەفە و میوزیک و چەندان بواری دیکەی گرتبووە ئامێز.

سەرەتای ئەم ساڵ 2020خانەی (ئەلبان میشال)ی فەرەنسی، وتارە نەناسراوەکانی ستیفان زڤایگی بڵاوکردەوە کە لەناویاندا هەڵبژێستە سیاسیەکانی لە ئاست زۆر دۆزی سەردەمەکەی خۆی دەربڕیبوو. ئەو سەردەمەی تەژیبوو بە جەنگەکان و ملمالانێیەکانی بارگۆژانە مەترسیدارەکان. ئەو وتارانە کە لە ماوەی 1911تا 1942نووسراون، ناونیشانی (شکست بۆ هزری ئازاد نییە)ی هەڵگرتووە. لەو کاتەی لە تەمەنی بیست ساڵییوو بۆمان دەردەکەوێ ستیفان زڤایگ کە چەندان زمانی دەزانی و بەردەوامیش لە گەشت و گەڕاندابوو، داکۆکیکەرێکی سەرسەخت بوو بۆ ئەوەی کە ناوی نابوو (گیانی ئەورووپی)، بۆیە لە زۆر وتاری داوای ئەوەی کردووە ڕۆشنبیران بەشداربکەن لە یەکبوونی ئەورووپا، هەروەها لە دابینکردنی (دینامیکیەت) بۆ گەیشتن بەو خەونەی کە بەردەوام دەیبینی، تەنانەت لە کاتە سەختەکانی مێژووی کیشوەرە پیرەکەش، بۆیە دژی هەموو ملمالانێی نەتەوەپەرستی و شۆڤینیەکان وەستا کە ناوبەناو سەربانهەڵدەدا و لە نێوان گەلانی ئەورووپی ڕق و قینەیان جۆشدەدا، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئاگری جەنگیشیان بڵێسە پێدا وەک ئەوەی لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی رووید.

لە یەکێک لە وتارەکانیدا ڕۆماننووس نووسیویەتی: هزری ئەورووپی یەکەم هزر نییە وەک هزری نیشتیمانی کە واتای سەر بە گەڵێکبوون بگەیەنێ. لە سەرەتاشدا لە غەریزە دەرناچێ بەڵکو لە هۆش، لە خرۆشی خۆڕسکی نا، بەڵکو دەستکەوتێکە بە هێواشی لە بیرکردنەوەی قۆڵ دابینەبێت و پێدەگات).

هەر لە وتارەکەی ستیفان زڤایگ ئاگادارمان دەکات لە مەترسییەکانی نازیەکان لە کاتی هەڵکشاندیان لە سەرەتاکانی سیبەکانی سەدەی رابردوو. لەو بارەوە نووسیویەتی (دەنگم هەوڵی خۆی دەدات تا دەبێتە دەنگی چل ملیۆن یان پەنجا ملیۆن لەو قوربانیانەی لە ئەورووپای ناوەڕاست، دەنگەکانیان خەفەکرا. ئێوە هەموتان دەزانن ناخۆشیەکان چۆن دەستیانپێکرد کە لە هۆی ئەوەی زۆربەیان خوێندنەوە و نووسینی کوردی نازانن پێشوازی گەرم و گوڕ لەم گۆڤارانە ناکەن؛ بە داخەوە زۆر جار بە هۆی گیر و گرفتی مالیی تا سەر نامێنن و دادەخرێن. ئەمەش خەساریکی گەورەیە.

***وەکو دەزانین هەر سێ بواری ئەدەب و پەروەردە و دەروونناسیی، لێک نزیکن و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا زۆرە و کەستێک بۆ منداڵان بنووسێ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە هەر سێ بوارەکەدا هەبێت، بەڕای تۆ شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد، هەوڵیان داوە بە وردی خۆیان شارەزای هەر سێ بوارەکە بکەن؟ وەکوو پێویست هەست بە بەرپرسارێتی دەکەن؟**

– دیارە سەرچاوەی نووسین بۆ منداڵانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ "نەوبەهارا بچووکا"ی ئەحمەدی خانی و پاشان پیرەمێرد و قانع و گۆران و بێکەس و هەژار و ...هتد. ئاوڕێکیان لە منداڵان داوەتەوە و پاش ئەوانیش زۆرکەس کاریان کردووە، ئێستاش بە خۆشییەوە کەسانێک هەن لەو بوارەدا کار دەکەن ،بەڵام هێشتا کەم و کووڕیی زۆرە و کاری زۆری دەوێ تاکوو بگاتە ئاستێکی زۆر باش.

ئەدەبیاتێکی باش دەبێ پشتیوانێکی باشی لە پشت بێت، ئێمە ڕێکخراوەی ئەدەبیاتی منالانمان نییە؛ ڕێکخراوەی نووسەرانی ئەدەبیاتی منالانمان نییە؛ شۆرای کتێبمان نییە ،ئەمانە زۆر گرینگن بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی ئەدەبیاتی منالان.

***وەکو دەزانین هەر سێ بواری ئەدەب و پەروەردە و دەروونناسیی، لێک نزیکن و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا زۆرە و کەستێک بۆ منداڵان بنووسێ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە هەر سێ بوارەکەدا هەبێت، بەڕای تۆ شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد، هەوڵیان داوە بە وردی خۆیان شارەزای هەر سێ بوارەکە بکەن؟ وەکوو پێویست هەست بە بەرپرسارێتی دەکەن؟**

– من لام وایە ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێ دڵخۆشە بەوەی خزمەت بە ئەدەبیاتی منداڵ دەکات، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموو شاعیران و نووسەران بە وردی لە بواری ئەدەبی و پەروەردە و دەروونناسییەوە شارەزان. نووسراوە و کتێبی وا هەیە کەمتەرخەمی نووسەرەکەی پێوە دیاری دەکات، بە داخەوە شۆێنێکی واشمان نییە لێکۆڵینەوە لە سەر نووسراوە و کتێبەکان بکات؛ تاکوو نووسەر لە کەم و کووڕیی و لاڕێ بوونی خۆی ئاگادار بێ و بەخۆدا بێتەوە و بەرپرسانەتر بنووسێ.

*** ئەگەر ئێمە پرسیارمان نەکردبێ و تۆ پێت خۆشبێ بیڵێی، چیتر بە پێویست و گرنگ دەزانی دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان، یان دەتەوێ ئاماژەی پێبکەیت؟**

– پێمخۆشە ئاماژە بە دوو شت بکەم؛ یەکەم ئەرکی نووسەرانی منداڵان چییە و دەبێ چ بکەین بۆ گەیشتن بە ئەدەبیاتێکی سەرکەوتوو ؟

"منداڵان خونچەن ئێمە بەرپرسین لە پشکوتنی ئەواندا." دەبێ کەمتەرخەم نەبین. ئەدەبیاتی سەرکەوتووی گەلانی تر بخوێنینەوە. لە بواری ئەدەبی و پەروەردە و دەروونناسییەوە ئاستی زانیاریان ببەینە سەرێ. چاو لێکەری نەکەین. زۆر بە پارێزەوە بنووسین؛ بزانین بۆ کێ دەنووسین؛ چی دەنووسین؛ چۆن دەنووسین. منداڵانی ئەمڕۆ جوان بناسین؛ منداڵانە بیر بکەینەوە و منداڵانە بنووسین. مامۆستا هەژار دەفەرمێ:

گەر لە گەڵ منداڵە هەڵسوکەوتی تۆ

بـا مـنـالانـەش بێ گـفت و لفتی تۆ.

دووهەم، شاعیر یان نووسەر چۆن دەتوانێ کتێبێکی باش و بێ هەڵە و پەڵە بۆ منالان بنووسێ و بیداتە دەرێ؟

مامۆستا هێمن دەفەرمێ: "با لە نووسین بە پەڵە نەبین، کەم بنووسین و باش بنووسین. هەر چی نووسیمان بە جارێک و دوو جار لە کۆڵی نەبینەوە. چەن جـاری دەست تێوەردەین. لە پێش ئەوەی نووسراوەکەمان بۆ چاپ بنێرین، پێمان شوورەیی نەبێ بـە چـەن کـەسی لێزان و پسپۆڕی نیشان بدەین. ڕەخنە و تێبینی دۆستانەی ئەوان قبوڵ بکەین. خۆ پەرست و بە فیز و بەرچاو تەنگ نەبین. لە خەڵک فێر بین بۆ خەڵک بنووسین.

من لە میژە غوروری ئەدەبیم لە خۆمدا کوشتووە و هیچ بە ئاک و عەیبی نازانم یارمەتی فکری لـە ئـاوڵ و دۆسـتـانی خۆم وەربـگـرم، هـەمـیـشـە شێـعـر و نووسینەکانم بە دۆستانی لێزانم نیشان دەدەم و ڕەخنە و تێبینی بە جێ، بـەو پـەڕی سپاسەوە قەبوڵ دەکەم."

بـە ڕای من ئـەمـە بـاشـتـرین پێشنیارە بۆ ئەوەی کە کتێبێکی جوان و بـاش و بەکـەڵک و بێ هەڵە و پـەڵـە، وەکـوو دیـاریـی بدەینە دەرێ بۆ منداڵان.

بازاڕی پەلەوەرفرۆشانی هەولێر مەترسی لەسەر ژیانی شار دروستکردووە

ناکرێ شارەوانی و چاودێری تەندروستی لەو مەترسییە بێدەنگ بن

سەدان جۆری باڵندەی خۆمالّی و بیانی لە بازاڕی پەلەوەڕفرۆشانی هەولێر دەبیندرێت، وێڕای هەبوونی ژمارەیەک لە ئاژەڵی دەگمەن و فرۆشتن و کڕینی پەلەوەڕ، هەموو ئەوانە سیمایەکی جوان بەو بازاڕە دەبەخشن، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسییە و بووتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ڤایرۆس و نەخۆشی، پیسی و بێسەروبەری خراپی شوێنەکە و گوێپێنەدانی ئەو فرۆشیارانەیە ,کە سیمای بازاڕەکەیان ناشیرین کردووە.

مریشکفرۆش و هەندێک لەوانەی پەلەوەڕە خۆمالّییەکان دەفرۆشن و سەردەبڕن، بەجۆرێک ئەو کەسابەتە دەکەن کە جێگەی قبوڵکردن نییە و ناکرێ شارەوانی و چاودێری تەندروستی لەو مەترسییە بێدەنگ بن، ئەوەی لەم بازاڕە بەدی دەکرێ تەنیا سیما ناشارستانییەکە نییە، مەترسییە تەندروستییەکە کارەساتبارترە و پێویستە بەزووترین کات چارەسەر بکرێت.

لەم فۆتۆستۆرییە خەبات مەبەستیەتی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بڵێت، تا ئەو شوێنە نەبۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی نەخۆشی و مەیکرۆب و ڤایرۆسی مەترسیدار چارەسەری بکەن، ئەگەرچی وێنەکانیش نەخوازراوبن و بۆ دەروونی خوێنەران جێگەی نیگەرانی بێت.

فۆتۆ: کارزان دزەیی

تا ئەو شوێنە نەبۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی بەکتریا و ڤایرۆسی مەترسیدار، چارەسەری بکەن

ئەوەی لەم بازاڕە بەدی دەکرێ تەنیا سیما ناشارستانییەکە نییە، بەڵکو مەترسییە تەندروستییەکە کارەساتبارترە









هەولێر لەیەکەم تاقیکردنەوەدا دووجار تۆری گۆڵی حدودی هەژاند



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

هەفتەی یەکەمی یاریبەکانی خولی نایابی عێراق دەستپێکرد، لەیەکەمین یاریشدا یانەی هەولێر لەیاریگای فرونسۆ هەریری میوانداری لەیانەی حدود کرد، گێمی یەکەم دەستپێکرد و هەر لەسەرەتاوە یاریزانانی یانەی هەولێر باشتر دەبیندران بەپێچەوانەی تیپی میوان، ئەوەبوو لەخولەکی 18دا لەرێگەی یاریزان بارزان شێرزاد گۆڵی یەکەم تۆمار کرا، بەم گۆڵە یانەی هەولێر ئارامی و ئاسوودەیی بۆ نێو تیپەکە گەڕاندەوە،بەڵام زۆری پێنەچوو هەر لەدرێژەی یاریبەکەدا و لەهێرشە پێچەوانەکانی یانەی حدود بۆ سەر گۆڵی یانەی وەرزشی هەولێر، یاریزان حوسێن نەجم لەخولەکی 29دا توانی گۆڵی یەکەم و یەکسانبوون تۆمار بکات و ئەنجامی یاریبەکەی هاوسەنگ کردەوە، یاریبەکە تاکۆتایی گێمی یەکەم هەر بەم ئەنجامە مایەوە و هەردوولا بەیەکسانبوون یاریبەکەیان بەرێکرد.

گێمی دووەم دەستیپێکرد و یانەی هەولێر بۆ تۆمارکردنی گۆڵی دووەم پاڵەپەستۆیەکی زۆری خستبووە سەر تیپی میوان بەمەبەستی گۆڵ تۆمار کردن، بەتایبەتی شێرکۆ کەریم لەدەفەتێکدا توانی سەرێکی بەهێز ئاراستەی ناو گۆڵی یانەی حدود بکات، بەڵام تۆپەکە بەسەر ستوون چووە دەرەوە ، هەمان یاریزان دووبارە لەهێرشێکی دیکەدا لەگەڵ گۆڵپارێزی یانەی حدود مایەوە، بەڵام ئەمجارەشیان تۆپەکەی ئاراستەی دەرەوەی گۆڵ کرد ، لەماوەیەکی کەمدا شێرکۆ کەریم دوو دەرفەتی زێرینی لەدەستدا، پاشان هەر لەدرێژەی هێرشەکانی یانەی هەولێر ئەمجارەیان یاریزانی پێشەگەری یانەی هەولێر دارکۆمەر مەرکوقیج لەخولەکی 78دا توانی گۆڵی دووەم وسەرکەوتن بۆ هەولێر تۆمار بکات و جۆش وخرۆشی خستە نێو هەموو هاندەرنانی یانەکە، تا کۆتایی گێمی دووەم ئەنجامی یاریبەکە وەک خۆی مایەوە بەسەرکەوتنی یانەی هەولێر بە-2 1گۆڵ بەسەر یانەی حدود، هەولێر بەم بردەوەیە یەکەم 3خاڵی لەسەر دەستی ئەو یانەیە بۆخۆی دەستەبەرکرد.

پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە خولی نایابی عێراق 14یانە بەشداریان تێدا کردووە، ئەو یانەیەی زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە دەبێتەوە پاڵەوانی خولەکە، هەروەها هیچ یانەیەکی نێو خولەکەیش بۆ رێزی یانە پلەیەکەکانی عێراق دانەبەزێت ئەگەر هەموو یاریبەکانیش بدۆڕێنێت.

فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

ئەتلەتیکۆ سەرکەوتنیکی بەنرخی تۆمار کرد

لەمیانی یاریبەکانی چوونی قۆناغی چارەگی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ تۆپی پێ، یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی سەرکەوتنیکی گرنگی تۆمار کرد، کاتێک بە تاکە گۆڵی سائۆل نیگیز لە یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بردەوە. یانە ئیسپانییەکە لەو یاریبەدا شێوازی بەرگری پەیڕەو کرد و توانی سەرکەوتوو بێت لەم پلانە بە پووچەلکردنەوەی هێرشەکانی لیڤەرپوول، بەتایبەتیش لە گێمی یەکەمدا کە چەندین هێرشی ترسناکیان بۆ سەر گۆڵی یان ئۆبلاک شکیت پێهینا و ریگەیان نەدا ئینگلیزەکان گۆڵ تۆمار بکەن.



ساڤیچ: بۆچی رکابەری لەسەر خولی ئیتاڵیا نەکەین؟

یاریزانی سربی، میلینکۆڤیچ ساڤیچ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی لازیۆی ئیتاڵی، موکرِ بوو لەسەر ئەوەی، ئامانجی هەڵۆکان، هاتنە لە چوار پلەی یەکەمی کالچیۆدا، ئاماژەی بەوەش کرد، دوای بردنەوە لە ئینتەرمیلان و سەرکەوتن بۆ پلەی دووەم ریزبەندی، لەبەرچی رکابەری لەسەر خولی ئیتاڵیا نەکەین؟ ئەمەو لازیۆ بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە ئینتەر میلانی بردەوە، لە چوارچێوەی گەڕی 24لە تەمەنی خولی ئیتاڵیادا، ئینتەر لە رێگەی ئاشلی یۆنگ بە گۆڵێک پێشکەوت، بەڵام هەڵۆکانی پایتەخت، توانیان لە گێمی دووەمدا، دوو گۆڵ لە رێگەی ئیمبۆلی و ساڤیچ تۆمار بکەن. دوای تەواوبوونی یاریبەکەش، ساڤیچ لێدوانی بۆ (سکای سپۆرت) دا و وتی:راستە گۆڵێکم تۆمارکرد، بەڵام تیپەکە هەمووی بردیبەوە، چەند رۆژێک پێش ئێستا وتمان، ئێمە یەک خێزانین و هەر ئەوەشە بەردەوام دەبین. هەروەها وتی: ئینتەر لە گێمی یەکەم باش نەبوو بەڵام گۆڵی تۆمار کرد، کەچی ئێمە دەرفەتی زۆرمان رەخساند، بەڵام گۆڵمان تۆمار نەکرد، لە نێوان هەردوو گێمەکەدا وتمان، ئەو یاریبە دەبێت بۆ ئێمە بێت، بۆیە وا هاتینە دەرەوە کە ئەنجامەکە هیچ بە هیچە. وتیشی: ئەوەی وا هەست دەکەین زۆر گرنگە، گەیشتنە بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، بەڵام خۆ ئەگەر رکابەریی لەسەر نازناوی کالچیۆش بکەین، شتێکی خراپ نابێت. زیاتر وتی: ئینتەر خۆی نادات بەدەستەوە، چونکە ئێمە بردمانەوە، ئێمەش خۆمان نادەین بەدەستەوە، بە چاوپۆشین لەوەی لە ئایندە روو دەدات، پاشان دەڕوانین بزانین شتەکان چۆن گۆزەر دەکەن. شیاوی باسکردنە، دوای دۆڕان بەرامبەر ئینتەر لە قۆناغی یەکەم لە مانگی ئەیلولی رابردووەدا، 19 یاریبە لازیۆ نەدۆڕاوە و ئێستا بە جیاوازی تەنیا یەک خاڵ لە یۆڤانتس،پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی کالچیۆی گرتووە.

ڕەمزی میرەکانی

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە
تێنسی چین لە پاڵەوانێتی جامی دیڤز کشایەوە



یەکێتی تێنسی نێودەوڵەتی رایگەیاند کە چین بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتەکەی بڕیاریدا لە پاڵەوانێتی تێنسی جامی دیڤز بکشێتەوە.

لە راگەیەندراوەکەی تینسی نێودەوڵەتی هاتووە کە چین بەهۆی ئەو گرنتەبەری ریوشوێنەی لە فرۆکەخانەکانی رۆمانیا، لەلایەن تیمە پزیشکییەکانی ناو فرۆکەخانە بۆ هاوڵاتیانی چینی لە مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، ئەوان ناتوانن بەشداری لەم پاڵەوانیتییەدا بکەن کە بڕیارە لە ئەیلوولی داهاتوو لە بوخارست بەڕێوەبچێت.

بە ئازایەتی و دوو گۆڵی هالاند
لە یاریی چوونداا دۆرتمۆند توانی لە پاریس سان جێرمان ببات‌ەوە



ئیرلینگ هالاندی هێرشبەری نەرویژی، رابەرایەتی یانەکەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی کرد بە بردنەوەی لە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی 1-2، کە لە میانی یاریبەکانی چارەگی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەچوو.

یاریبەکە کە لەسەر یاریگای سگنال ئیدۆنا پارکی تایبەت بە یانە ئەڵمانییەکە بەڕێوەچوو، یاریبەکی کراوە و بۆ هەردوولا، کە چەندین دەرفەتی تۆمارکردنی گۆڵیان لەدەستدا و ئەو گێمە بەبێ گۆڵ کۆتایی هات.

جەماوەری ناو یاریگا لە چاوەروانیدا بوون تا خولەکی 69کە یەکەم گۆڵی یانەی دۆرتمۆند لەلایەن هالاندەوە تۆکارکرا، هێندەی نەبرد پاریس سان جێرمان لە رێگای نایمارەوە گۆڵی بەرامبەری لە خولەکی 75دا تۆمار کرد، بەڵام هالاند هەروەک لێی چاوەڕوان دەکرا بە ئاستی بەرزی دەرکەوتەوە و توانی لە لێدانێکی دوور و بەهێزدا تۆڕی ناقاسی کۆڵۆمبی بهەژێنێت و یانە ئەڵمانییەکە یاریبەکە بباتەوە.

یانەی پاریس سان جێرمان لە یاریی گەڕانەوەدا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدا دەبێت کاتێک لە 11ی ئادار رووبەرووی یەک دەبنەوە، بەتایبەتیش کە مارکۆ ڤیراتی یاریزانی هێڵی ناوەراستی بەهۆی کارتەوە ناتوانێت لەو یاریبەدا بەشداری بکات.

هالاندی تەمەن 19ساڵ کۆی گۆڵەکانی بەرزکردەوە بۆ 10گۆڵ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە پێشتر لە یانەی سالسبۆرگی نەمایی بوو توانیبووی 8گۆڵ تۆماربکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.20. Feb. 2020 No: (5937)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

تیپی مۆسیقای سلێمانی چوار بەرهەمی نوێی کلیپ کرد





تیپی مۆسیقای سلێمانی ڕۆژانەی 13-14/2/2020 چوار بەرهەمی نوێی کلیپ کرد، لە ئایندەیەکی نزیکدا کلیپەکان بڵاو دەکرێنەوە. بەرهەمە نوێیەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بریتین لە:

1- گۆرانی حەریرە هۆنراوەی قانع و فۆلکلۆر ئامادەکردنی موزیک عادل محەمەد کەریم گوتنی ئاریان کەریم.

2- گۆرانی چاوڵەڕێ هۆنراوەی ئەحمەد محەمەد ئاوازو موزیکی زانا مەحمود هەژار، دابەشکردنی دلێر حوسێن گوتنی کەویار هەورامی.

3- گۆرانی مەڕۆ هۆنراوەو ئاوازی عوسمان عەلی، ئامادەکردنەوەی موزیک عومەر عەبدوڵڵا گوتنی نیان عەبدوڵڵا.

4- گۆرانی (کەنی) هۆنراوەی میرزا عەبدوڵڵا، ئاوازی فۆلکلۆر موزیکی عادل محەمەد کەریم، گوتنی قاسم هەورامی.

کلیپە نوێیەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی زیاتر لە 45 ژەنیارو کۆرس و گۆرانیبێژ بەشداریان تێدا کردووە.

بەکر مستەفا بۆ (خەبات): کە هونەر نەما، ژیانیش بەرەو کۆتایی دەچێت



دیمانە: پەریهان عومەر

بەکر مستەفا لە دایکبووی سلێمانی گەڕەکی چواربا‌خە، لە ساڵی (1965) لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە خولیای وێنەکێشان هەبووە مامۆستای وانەی وێنەکێشان (مامۆستا حەمە کاکە) پەرەی بە بەهرەیداوە و هانیداوە بەردەوام بێت. دواتر (مامۆستا عوسمان حەمە ئەمین) خولیای مۆسیقای خستۆتە بەردەمی گۆرانی پێ ئەوت و لەسەر ئامێری ئۆکۆردیۆن پەرەی دا بە بەهرەو توانای هونەری کە ئەوکات نە تۆماری وێنەیی و نەڕیکۆردی دەنگیان نەدەکرا تا گۆرانییەکانی لە قوتابخانە وەکو ئەرشیفێ بمێنێتەوە، پاشان چالاکی قوتابخانەکان لە ڕێگەی مامۆستای هونەرمەندی کۆچکردوو (عومەر عەلی ئەمین) لە (شانۆی داوەڵ) چۆتە دونیای نواندنەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی بینەر لە درامای کوردی تۆراوە گوتی: تۆرانی بینەر لەخەمساردی هونەرمەندانەوەیە ئەوەندەی خەریکی دژایەتی و یەکتر بەکەمزانینن ئامادەی کاری هونەری بوونایە ئێستا هونەر لە ئاستێکی باڵا تردا ئەبوو، جگە لەوەی دەسەڵاتی ئەم هەرێمە دەبوو گرنگی زیاتری بەلایەنی هونەرەو هونەرمەندانەوە بدایە. بژێوی بۆ دابین بکردنایە تا تەنها سەرقاڵی هونەرو داهێنان بان. هەروەها دەڵێت: هونەر و ژیان دووانەیەکی هاوستوونن کە هونەر نەما ژیانیش بەرەو کۆتایی ئەچێ دانانی مرۆڤی شیاو لەجێگەی شیاو بەهەند وەرگرتنی توانا و بەهرەی هونەری ئەکتیڤکردنەوەی کارە درامایە کوردیەکان و گرنگیدان بە هونەرو هونەرمەندان و زیاتر پرکردنەوەی کەناڵە زۆرو زەوەندەکانی ئێستا بە دراماو زنجیرە درامای کوردی دەبێتە ئاشناکردنەوەو ئاشتکردنەوەی بینەر.

لە بارەی کارەکتەرەکانەوە دەڵێت:کارەکتەری بچووک و گەورە نییە بەڵام بێگومان ئەکتەری گەورەو بەهرەدار و ئەکتەری ئاسایی، بوونی هەیە هەموو کارەکتەرێ پێگەو جێگەی خۆی هەیە لەکارێکی هونەریدا، سەرنج لەسەر ئەکتەری سەرکەوتووە نەک ئاستی ڕۆڵەکەی.

هونەرمەند لەکاری نوێیدا بۆ درامای کوردی دەڵێت:پێش ساڵێک لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم هونەرمەند(مەریوان ئیبراهیم) زنجیرە درامای (سەراب) مان بەرهەمهێناو لە کەناڵی (ئێن ئارتی دوو) نمایشکرا لە ئێستادا لەگەڵ هونەرمەندو هاوڕێم (میهران شیری) لەزنجیرە درامای (گورگەکان) ڕۆڵ ئەبینم کە هەموو گرتەکانی لە هەولێرە.

لە کۆتاییدا فەیسبووک دان بە ڕاستیەکاندا دەنێت

کۆمپانیای فەیسبووک دانینا بەوەی گرێبەستی لەگەڵ سەدان کەسدا کردووە بۆ گوێگرتن لەو نامە دەنگییانەی کە بەکارهێنەرانی مێسنجەر بۆ یەکتری دەنێرن. کۆمپانیاکە ڕایگەیاند ئەو کەسانەی دامەزراندووە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی نامەکان بە شێوەیەکی "دروست" بەکاردەهێنرێن، بەڵام شارەزایان دەڵێن، ئەم پاساوەی فەیسبووک نابێتە بەخشینی کۆمپانیاکە لەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقیەی لە پاراستنی تایبەتمەندی بەکارهێنەرەکانی دەکەوێتە ئەستۆی پێشتر بەکارهێنەرانی فەیسبووک گومانیان هەبوو لەوەی کۆمپانیاکە گوێ لە پەیوەندییەکانیان بگرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی تێبینی دەکرا دوای باسکردنی هەر بابەتێک ڕیکلامی تایبەت بەو شتە دەهاتە سەر هەژمارەکانیانز ئاژانسی بلومبێرگ لە زاری سەرچاوەیەکی فەیسبووکەوە بڵاویکردەوە کە هەفتەیەک لەمەوبەر کۆمپانیاکە چاودێریکردنی نامەکانی ڕاگرتووە، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت بەمزووانە ئەو هەڵایە دابمرکێتەوە کە ئاپڕووچوونەکەی قەیسبووک دروستی کردووە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە کۆمپانیاکە چەندین دۆسیەی هاوشێوەی پێشێلکردنی تایبەتمەندی بەکارهێنەرەکانی لەسەرە، پێشتریش فەیسبووک چەندین ملیار دۆلار زیانی کرد.

ڕووبەڕووی ڕەخنە و کێشەی زۆر دەبینەوە

شیراز شانۆ: کارێکم نەکردووە کە دڵی بینەرەکانمی پێ دڵگران بکەم



خەبات:سولێن سلێمان

شیراز شانۆ ئەکتەرو شانۆ کاری بە توانا کە خەڵکی شاری سلێمانیە لە دیمانەیەدا بۆ خەبات دەڵێت: سێ ساڵە کاری نواندن دەکەم و تا ئێستاش لە چەندین فیلم دراما و شانۆدا بەژداریم کردووە . وەکو شانۆی "سێبەری کارێک و شانۆی تکایە ناونیشانێک بۆ ئەم دابنێ و شانۆی ئالای کوردستان، هەروەها وەکو فیلمی سینەمایش لە فیلمی خانوی ژمارە 13 و لە دراماکانیش بەژداریم لە درامای سەمای تەرزە و درامای سەمای پەلکە زێرینە کردووە.

گوتیشی: هیوادارم کاری زیاتر بکرێت بۆ هونەرمەندان و گرنگی پێدانیان بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بین و تواناکانمان پیشانی بینەر بدەین و هەروەها هونەری کوردی پشت گوێ نەخرێ . باسی ئەو گیروگرفتانە دەکات کە ڕووبەڕویان دەبنەوە بە تایبەتی بۆ ئافرەتان دەڵێت: گیروگرفتەکان زۆرن یەکێ لەوانەش ڕەخنەو قسەی نەشیاوە کە زۆر ناخۆشە بۆ ئێمەی ئەکتەر . هەروەها باسی ڕۆڵی خۆیی دەکات لە درامای سەمای تەرزە کە پڕبینەرترین درامای بوو و کۆمەڵێک ئەکتەری بەتوانا بەژداریان تێدا کردبوو گوتیشی: ئەو ڕۆڵەم پێ جوان بوو هەر بۆیە بەژداریم تێدا کرد وەکو سەرکەوتنی دراماکەش دەبێت بینەر خۆیی بریار بدات . ئاماژەی بەوەش دا کەوا ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی ئافرەتێک دەبنەوە لە بواری نواندا و گوتی: ئێمە لە کوردستان دەژین بۆیە ڕووبەڕوی هەموو ڕەخنە و کێشەیەک دەبینەوە و ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام من کارێکم نەکردووە کە دڵی بینەرەکانم پێ دڵگران بکەم. سەبارەت بە نوێترین کارەکانی، ئاشکرای کرد کەوا لە چەند دراماو فیلمێکی سینەمایی بەژداری دەکات.

